# ئەدەبی بێگانە

بەشی دووەم

بەسەرپەرشتی : عەزیز گەردی

…راوەکانی کتێبخانەی جەوهەری - هەولێر -

# ئەدەبی بێگانە

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی‌یە لە ئینگلیزی‌یەوە
کراوە بەکوردی

بەشی دووەم

تایبەتی‌یە بە چیرۆك

بەسەرپەرشتی

## عەزیز گەردی

چاپخانەی «الحوادث»
بەغدا – ١٩٨٢

زانکۆی سەڵاحەددین
کۆلێژی پەروەردە – سۆران
پەرتوکخانە
College of Education · Soran

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
کتێبخانەی فاکەلتیی ئاداب
بەش :
ژمارەی تۆماری کتێب : ٣٦٠٩
بەرواری تۆمار کردنی کتێب :

جامعة ...
المكتبة ...
الطلب والاستلام
٥٢٧٢
١٩٨٢ / ١٠ / ٥

٨٠٨ / ٨
٩٢٤٤ گ

٨١٨ / ٨

اهانه المكتبة المركزية

# لەباتی پێشەکی !

خوێنەرانی بەڕێز .

دوابەدوای بلاوبوونەوەی بەشی یەکەمی ( ئەدەبی ێنگانان ) ، دەمانەوێ ئێستاش بەشی دووەمتان پێشکەش بکەین کە بۆ چیرۆك تەرخان کراوە .

بەشی یەکەم زۆر دواکەوت و گەلێ ( ئەمرۆسبەی ) پێ کرا تا چاپ بوو ، کە پاش بینەو بەرەیەکی زۆر لەژێر چاپیش دەرچوو بێ کەم و کورتی نەبوو ، بەتایبەتی لەبارەی هەڵەبژێری یەوە ، بۆیە داوای بوردن دەکەین و ئومێدەواریشین ئەم بەشی دووەمە زووتر بلاوبێتەوەو ڕێك و پێکترو بێ هەڵەتر بکەوێتە بازاڕەوە .

هەروەکو لە پێشەکی بەشی یەکەمیش گوتمان ئەم پرۆژە بچکۆلەی ئێمە هەوڵێکە بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرگێرانی بەرهەمی بیانی بۆ زمانی کوردیی و هاندانی بەهرەی لاوە زمانزانەکان و دۆزینەوەی مینبەرێك بۆ ئەو دەنگ و ئەو بەهرانەی بەدوای بوارو دەرەتەنێکدا دەگەڕێن تا خزمەتی ووشەو ئەدەب و کولتووری کوردی بکەن .

هەڵبەت وەرگێران شتێکی هێندە ئاسان نی یەو هەموو کەس بەڕەی خۆی بە سەلامەتی پێ لەم ئاوە دەرنابرێ مەرجیش نی یە هەموو زمانزانێك بتوانێ شت وەربگێڕێ و مەرجیش نی یە هەرچی کەوتە بەر دەستی یەکسەر

خۆی پێ‌دابداو وەری‌بگێڕێ • ئەرکو لێپرسینەوەی وەرگێڕ زۆر لە هی نووسەر گەورەترە • وەرگێڕ دەبێ پێش هەرچی ، زمانەکەی خۆی زۆر باش بزانێ‌و بتوانێ بە ڕێک‌وپێکی‌و بێ گرێ‌و گۆل هەرچی بیەوێ دەری‌ببڕێ‌و بەرامبەر هیچ شتێك دانەمێنێ ، بێجگە لەمەش وەرگێڕ دەبێ خوێنەرێکی چاك بێ‌و زەوقێکی ئەدەبی ناسك‌و بیروباوەڕێکی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی هەبێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاگاداری زۆر بەرهەمی بیانی بێ‌و لەناو ئەو هەموو بەرهەمانە شتێکی وا هەڵبژێرێ‌و وەری‌بگێڕێ کە لەم بارو زروف‌و لەو قۆناغەدا سوودی نەتەوەکەی تێدا بێ ، واتە بەش بەحاڵی وەرگێڕ هەڵبژاردنی بەرهەمەکە ئەرکێکی زۆر گەورەو قورسە •

ئەمە لە ڕووی چۆنیەتی هەڵبژاردنی باسەکە ، لە ڕووی ئەمانەتیشمەوە دەبێ وەرگێڕەکە زۆر دەست‌پاك بێ‌و لەخۆیەوە بیروباوەڕی نووسەرەکە دەستکاری نەکات‌و شتی لێ‌فڕێ نەداو لە خۆیەوە بۆی زیاد نەکا ، چونکە وەرگێڕ پەراوێزی هەیەو هەرچی بیەوێ دەتوانێ لە پەراوێزەوە دەری ببڕێ ••

لە ڕووی هونەریشەوە ، داخەکەم ، تا ئێستاش لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ، تەنانەت لە هەندێ کتێبی سەربەخۆش زۆر شت هەیە کە وەرگێڕەکە پشت گوێ‌یان دەخات‌و بایەخیان پێ‌نادا کە لە ڕاستی‌دا زۆر زۆر پێویستن • وەکو ناوی بەرهەمەکە بە زمانی ئەسلی‌و ناوی نووسەرو ساڵ‌و شوێنی چاپ ••• جێی داخە کە هەندێ کتێب‌و وتار بلاًدەکرێنەوە ناوی نووسەرەکەیان بەسەرەوە نی‌یەو وەرگێڕەکە تەنیا ناوی خۆی پێوە ناوەو نووسیویە وەرگێرانی فلان ، بەڵام کێ نووسیویەو بە چ زمانێکی نووسیوەو لە چ زمانێك وەرگێردراوەو یەکەم جار کەی چاپ بووەو لە چ چاپێکەوە واتە چاپی چ ساڵێکەوە وەرگێردراوە ، باسی هیچ نەکراوە •••

جا بۆ ئەوەی نەختێ خۆمان لەم هەلانە دوور بخەینەوە لە بەشی یەکەمو لەم بەشەیش‌دا هەوڵمان‌داوە دەستوورە هەرە سەرەتاییەکانی ئەمانەتی وەرگێڕان پەیڕەو بکەین :

- ناوی نووسەرەکەمان نووسیوەو ئەگەر بۆمان لوا بێ چەند دێڕێکمان لەبارەی ژیان‌و بەرهەمە گرنگەکانی نووسیوە •

- باسمان کردووە ، نووسەرەکە بە چ زمانێك نووسیویەو ناونیشانی باسەکەیشمان بە ئینگلیزی لە پەراوێز نووسیوە ، چونکە هەر وەکو دیارە هەموو باسەکان لە ئینگلیزی‌یەوە کراون بە کوردی •

- ناوی سەرچاوەکەو ساڵ‌و شوێنی چاپ‌و ئەو لاپەڕانەی باسەکەیان تێدا بڵاوبۆتەوە •

- هەر شتێکی پێویست بووبێ لە پەراوێز ئیشارەتی بۆ کراوە هەر چەندە لەو بڕوایەدا‌ین کە تا ئێستا بە پێی پێویست پەراوێزو ڕوون‌کردنەوەمان دانەناوەو ئومێدەوارین لەمەودوا بتوانین ئەم لایەنەش پەیڕەو بکەین •

ئیتر ئومێدەوارین کە بتوانین لەم پرۆژەیە بەردەوام بین‌و گیروگرفتی چاپەمەنی نەبێتە بەرهەڵست‌و ساردمان نەکاتەوەو هەر ناو بە ناو بەشێکی لێ‌بڵاوبکەینەوە • ئیدی بەو ئومێدەوە تا بەشێکی تری ( ئەدەبی بێگانان ) •••

**عەزیز گەردی**

**ڕەشەمەی – ١٩٨٢**

# تووكنەرمی (١)

نووسینی : چیخەڤ

وەرگێڕانی : عەلی مەحموود جوکل

ئەو ڕۆژە یولیا ڤاسیلیڤنام بانگ کرد ، کە دەرز بە منداڵەکانم دەڵێ ، بۆ ئەوەی بێ کرێکەی بۆ حسێب بکەم .

پێم گوت : « فەرموو دانیشە ، یولیا ڤاسیلیڤنا ، با بزانین چیت دەکەوێ ... وا بزانم پارەت پێدەوێ بەڵام لە ڕووت نایە داوا بکەی .. باشە ، با بزانین ... ئێمە مانگێ بە ( ٣٠ ) ڕوبل ڕێك کەوتین ...

- چل بوو .

+ نە ، سی ( ٣٠ ) بوو . لێرە نووسیومە ... من .. هەمیشە (٣٠) ڕوبل بەوانە دەدەم کە دەرز بە منداڵم دەڵێن ... دەی با بزانین... تۆ دوو مانگە لە لامانی ..

- دوو مانگ و پێنج ڕۆژە .

+ نە ، بەمڕۆوە دوو مانگە . هەموویم نووسیوە . هەقت دەکاتە (٦٠) ڕوبل ... با (٩) یەکشەمەی لێدەربێنین ، چونکە یەکشەموان

---

(١) Chekhov : Softy, Sputnik, No. 9, 1977. p.p. 135 - 136.

دەرزت بە کۆلیا نەدەگوت ، تەنیا دەتگێڕا ••• سێ ڕۆژیش ئیسرەحات •••

یولیا ڤاسلیڤنا سوور هەڵگەڕا بوو ، بە شلەژاوی پەنجەی بە قەیتانی کراسی دادەهێنا ••• بەڵام هیچ قسەی نەکرد •

+ جا ، سێ ڕۆژ ئیسرەحات دەکاتە (١٢) ڕوبل • کۆلیا چوار ڕۆژ نەخۆش کەوتو دەرزی پێ نەخوێندرا ••• تەنیا لەگەڵ ڤاریا خەریك بووی ••• سێ ڕۆژ خۆت دانت ژانی دەکردو خێزانەکەم دوای نیوەڕۆ بەڕێی دەکردی •• (١٢) و (٧) دەکاتە (١٩) ••• ئەوەی لێدەربێنین دەمێنێ ••• مم ، ڕاوەستە بزانم ، ••• دەمێنێ (٤١) ڕوبل وایە ؟

یولیا ڤاسیلیڤنا چاوی چەپەی سوور هەڵگەڕاو ئاوی کرد ، چەنەگەی لەرزی ، بە پەشۆکاوی کۆکیو دەستی بە فینگەفینگ کرد ، بەڵام هیچ قسەی نەکرد •

+ پێش سەری ساڵی نوێ پیاڵەیەکو ژێر پیاڵەیەکت شکاند ••• (دوو) ڕوبل بڕوا ••• پیاڵەکە زیاتر دێنێ ، میراتی باوکو باپیرانە بەڵام تازە قەوماوە ، جا بوو هەر بەوەندەی بوو ! پاشان سەبارەت بە کەمتەرخەمی تۆ کۆلیا بەسەر درەختێك هەڵگەڕاو چاکەتی خۆی دڕاند•• (دە) ڕۆبل بڕوا ••• دیسان هەر لەبەر کەمتەرخەمی تۆ ••• کارەکەر پۆتینی ڤاریای دزی ••• ئیشی تۆ ئەوەیە چاوت لەم شتانە بێ ، بۆیە دەبێ تۆڵەی بدەی ، (پێنج) ڕوبلی تر بڕوا ••• لە (١٠) ی کانوونی دووەم (١٠) ڕوبلت لێوەرگرتم •

یولیا ڤاسیلڤنا بەچرپەوە گوتی ••

– هیچ پارەم لە تۆ وەرنەگرتووە ..

+ ئەوەتا لێرە نووسیومە . (٤١) ، (٢٧) ی لێ بسروا دەمێنێ (١٤) .

ڤاسیلڤینا هەردوو چاوی پڕ فرمێسك بوون . دڵۆپە ئارەقەی لەسەر لووتی درێژو جوان پەیدا بوو ، بەستەزمان !

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی :

– تەنیا یەك جار پارەم وەرگرتووە . (٣) ڕوبلم لە خێزانەکەت وەرگرتووەو هیچی تر .

+ ئەدی بۆ دەنگ ناکەی ! ئەمەم نەنووسیوە . (١٤) ، (٣)ی لێ بڕوا دەمێنێ (١١) ... نازدار فەرموو پارەکەت ! ئەوە سێ ، ئەمە سێ ی تر ، ئەمەش سێ ی تر ... ئەمە یەك ئەمەش یەکی تر ....

یازدە ڕوبلم لە دەست نا ، پارەکەی وەرگرت و بە سەری پەنجەکانی لە گیرفانی ڕاکرد . چرپاندی :

– سوپاس .

هەستام و لە ژوورێ کەوتمە هات و چۆ ، زۆر تووڕە بووم . لێم پرسی :

+ سوپاسی چی ؟ !

– سوپاسی پارەکە !

+ بەڵام من تالانم کردی ، بە چەلاو بی ، بە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕووتم کردی . سوپاسی چی ؟!

– ئەدی ئەگەر هیچت پێ نەدابوومایە ؟!

+ هیچم بێ‌نەدابوای ؟ سەیر نی‌یە ... من تاقیم کردیتەوە ، دەرزێکی گرانم دادای . هەر (٨٠) ڕوبلت بە تەواوی دەدەمێ ! پارەکەم بۆ لەناو ئەم زەرفە داناوی . بەڵام تۆ چۆن دەبێ هێندە دەمچەفت بی ؟ بۆچی نارەزایی دەرنابڕی ؟ بۆ هیچ دەنگ ناکەی ؟ ئەگـەر ڕەق نەبی چۆن لەم دنیایە بەڕێوە دەچی ؟ چۆن دەکرێ وا تووکنەرم بی ؟

بزەیەك لەسەر لێوەکانی پشـکووت و لەدەم و چـاوی‌یـەوە زانیـم دەیەوێ بڵێ : دەکرێ ، دەکرێ ..

داوای بەخشینم لێ کرد کە ئەم دەرزە گرانەم داداو زۆری پێ‌سەیر بوو کە هەر (٨٠) ڕوبلەکەیم دایە . بە نەرمی گوتی ( سوپاس ) و چووە دەرەوە . کە پشتی کەوتە من تەماشای پشتیم کردو بیرم کردەوە : وای چەند ئاسانە کە لەم دونیایەدا پیاو سەخت و دڵڕەق بێ .

x x x

# سێ ڕۆژ چاوساغی (١)

نووسینی : هێلین کێلەر (٢)
وەرگێڕانی : حوسێن عەلی

زۆر جار بیردەکەمەوە ، دەبێ چ نیعمەتێك بێ بۆ مرۆڤ ئەگەر بێتو هەر یەکە لە سەرەتای ژیانی هەرزەکاری‌دا چەند ڕۆژێك تامی کوێرایەتی‌و کەڕایەتی بچێژێ • بێ‌گومان ، تاریکی قەدرو قیمەتی چاوساغی‌ی لەلا زیاتر دەکات‌و کش‌وماتی فێری تامی دەنگی دەکات •

هەندێ جار دەستەخوشکەکانم تاقی‌کردۆتەوە بزانم داخۆ

---

(١)
Williom, J. Iverson and Agnes L. Mccarthy : Prose and Poetry Adventures, 1957, p.p. 276 - 280.

(٢) هێلین کێلەر کە یەکێکە لە ژنە بەناوبانگەکانی جیهان ، بە هۆی نەخۆشی‌یەوە کەڕو کوێر بوو ؛ هێندەی پێ‌نەچوو لاڵیش بوو • خۆی نووسیویە دەڵێ :
« ئەوەی هەستی پێ‌دەکەم تاریکی‌و کش‌وماتی‌یە • » ، « ژیانم بێ ڕابردوو و بێ دواڕۆژە • » •
بەڵام هێلینی پشوودرێژ توانی بە یارمەتی ماموستا دڵسۆزەکەی بە دەستەکانی لە خەڵك بگات‌و خەڵك تێی بگات • ئەم کچە توانی بە ڕێگای ( برایل ) خۆی فێری خوێندەواری بکات‌و بە هۆی لەرینەوە هەست بە دەنگان بکات‌و بە هەستی سەرەپەنجەکانی شت ببیسێ •

دەزانن باسی ئەو شتانە بکەن کە دەیانبینن • بەم دوایی‌یە لە دەستەخوشکێکم پرسی کە تازە لە پیاسەیەکی دووردوودرێژی ناو دارستان گەڕابووەوە ، داخۆ چ شتێ سەرنجی ڕاکێشاوەو چی دیوە • وەڵامی دامەوە « هیچ ! » •

لە دڵی خۆمدا گوتـم : شـتی وا چـۆن دەبێ ؟! سـەعاتێك بـەناو دارستاندا بسووڕێیتەوەو شتێکی وا نەبێ سەرنجت ڕابکێشێ !!

من کە چاوم نابینێ ، تەنیا بەدەستلێدان هەسـت بە سـەدان شـت دەکەم کە دڵم خۆش دەکەن • هەست بە پەلکی تەنك‌و نەرم‌و ڕێك‌وپێك دەکـەم ، دەسـت بە سـەر تفری لووسی دارحـەیزەران‌و قـەدی دڕی دارسنۆبەر دادێنم • بەهاریٰ ، کە سروشـت لە خـەوی گرانی زسـتان وەخەبەر دێتەوە من بەو پەڕی هیواوە لەسەر قەدی درەختەکان بەدوای چرۆدا دەگەڕێم • جارجارە کە بەختم یارو لەبار دەبێ بە هیواشی دەست لەسەر قەدی درەختێکی چکۆلانە دادەنێم‌و زۆر بە شادی هەست بە لەرەی ئەو مەلە خنجیلانەیە دەکەم کە بەسۆزەوە دەخوێنێ •

هەندێ جار لە دڵەوە تاسەی بینینی ئەم هەموو شتانە دەکەم • ئەگەر تەنیا دەست لێدان ئەو هەموو لەزەتـەی تێـدابێ ئاخـۆ دەبێ دیتنیـان چ نیعمەتێك بێ •

ئەگەر بێت‌و تەنیا سێ ڕۆژ چاوم چاك بێتەوە ، لە دڵی خۆم گرتووە بەو چاوانە تەماشای چ بکەم •

ئەو ماوەیە دەکەمە سێ بەش :

ڕۆژی یەکەم تەماشای ئەو کەسانە دەکەم کە بە دڵسۆزی‌و هاریکاری خۆیانەوە ژیانیـان لا بەنـرخ کردووم • نازانـم داخـۆ لەنـاو چـاوی برادەرەکانمدوە ــ کە کلاوڕۆژنەی گیانە ــ چ شتێ لە دڵ‌و دەروونیـان

بەدی دەکەم؛ ئاخر من تەنیا بە سەری پەنجەکانم ئەدگاری ڕوو (دەبینم)و هەست بە خۆشیو ناسۆریو گەلێ سۆزی تریش دەکەم. هەر بە دەست لێدان دەموچاوی دەستەخوشکەکانم دەناسمەوە. تۆ زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە جەوهەری خەڵك بگەی، ئەگەر بێتو بە هێدی لە قسەیان ووردبیتەوە، تیچاوێك بدەیتە جوولەی ماسوولکەو لەرینەوەی دەستیان. ئەرێ قەت وا بووە بە چاو تەماشای ناخی سروشتی برادەرەکەت بکەی؟! ئەرێ چاوساغینە! ئێوە زۆربەتان داخۆ هەر بە سەیرکردنی ئەدگاری دەرەوەی برادەران واز ناهێنن؟ بۆ نموونە؛ ئێستا تۆ دەتوانی بە ووردی وەسفی دەموچاوی پێنج هاوڕێی باشت بکەی. هەر بۆ تاقی کردنەوە من پرسیارم لە چەند مێردێك کرد لە بارەی ڕەنگی چاوی ژنەکانیان، لە وەڵامدا دەمیان تێكدەئاڵاو ناچار دەبوون بڵێن: نازانین.

ئاخ بۆ ئەو شتانەی حەز دەکەم بیانبینم ئەگەر بێتو سێ ڕۆژ چاوم ساغ بێ.

ڕۆژی یەکەم سەرم جەنجاڵە، هەموو هاوڕێکانم بانگ دەکەمە لای خۆم، تێرتێر سەیری دەموچاویان دەکەمو نیشانە جوانەکانیان لە مێشکم دەچەسپێنم. چاوم بە دیداری ڕوخساری منداڵان زاخاو دەدەمەوەو بە مەوەش ئەندێشەی شەوقو بەرائەتی جوانی مێشکم پاراو دەبێتەوە کە لە هەستی کەسایەتی ناکۆکی پێشکەوتنی ژیان بەرزترە. حەز دەکەم ئەو کتێبانە ببینم کە بۆم خوێندراونەتەوەو قوولترین کەنداوی ژیانی مرۆڤیان پێشان داوم، مەرەقمە چاوم بە چاوی پڕ باوەڕو دڵسۆزی سەگەکانم بکەوێ ـ سکۆتیی چکۆڵەو گرێت دەینی ئازا.

پاش نیوەڕۆ بە پیاسە دەچمە ناو دارستانەکانو چاوم بە جوانی

سروشتی جیهان مەست دەکەم • نوێژ بۆ مەزنایەتی زەردەپەڕی ڕەنگین دەکەم • وا بزانم ئەو شەوە خەوم لێناکەوێ •

بۆ ڕۆژی دوایی ، لەگەڵ کازیوەی بەیان لەخەو هەڵدەستم بۆ ئەوەی ئەو موعجیزە عاجباتییە ببینم داخۆ شەو چۆن دەبێ بە ڕۆژ • بە سامو ڕیزەوە دەڕوانمە ئەو دیمەنە ناسکە ، کە چۆن ڕۆژ بە تیشکە زیوینەکانی زەوی نووستوو واگا دێنێ • ئەو ڕۆژە بۆ ئەوە تەرخان دەکەم کە چاوێکی خێرا بە جیهانی ئێستاو رابردوودا بخشێنم ، دەمەوێ ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆڤ ببینم ؛ بۆیە دەچمە مووزەخانەکان تا پوختەی مێژووی زەوی ببینم ـ گیاندارو توخمی مرۆڤ بەگوێرەی دەوروبەری تایبەتی خۆی لە قالب داڕژاوە ، ئاسکالتی زەبەلاحی دیناسۆرو ماستۆدۆن(١) کە پێش بنیادەم لەسەر زەوی ژیاون بەڵام بنیادەم توانیویە بە کەلەشی بچووکو مێشکی بەبڕیاری مەملەکەتی گیانداران داگیر بکاتو خۆی ببێ بە سەردارو گەورەی هەموویان •

ئێستگای پاشانم مووزەخانەی ئەدەبو هونەرە ، بە دەستلێدان ، بەپکەری شۆخی خواکانی خاکی نیلی دێرینم ناسیوە ، شارەزای نموونەی قوللەی ( پاراسینون ) (٢) م و دەرکم بە جوانی لەباری هێمای جەنگاوەرانی ئەسینا کردووە ، ڕوخساری بەلۆچو ڕدێنی هۆمەرم (٣) لا ئازیزە چونکە ئەویش تامی کوێرایەتی چەشتووە • بەم جۆرە ، لەم ڕۆژی دووەمەدا دەمەوێ بەهۆی ئەدەبو هونەرەوە بچمە ناخی مرۆڤ•

---

(١) ماستۆدۆن : گیاندارێکە ئاسەواری نەماوە ، لە فیل دەکا •

(٢) قوللەی پاراسینون : قوللەیەکی داتاشراوە لەسەر پاراسینون کە بینایەکی مەڕمەڕە لە ئەسینا •

(٣) هۆمەر : شاعیرێکی بەناوبانگی گریکە •

ئەو شتانەی بە دەستلێدان دەمناسین ئێستا بە چاوی خۆم دەیانبینم ، ئێستا لە هەمووی نایابتر ئەوەیە کە گرنگترین وێنەی جیهانم لەبەر چاوە • دەتوانم تەنیا مۆرکێکی سەرکەش بەدەست بێنم • هونەرمەندەکان تێم دەگەیەنن کە دەبێ هەموو کەس چاوی ڕاهاتبێ تا بە ڕاسنیو قووڵـی هونەر شیبکاتەوە • پێویستە هەر کەسە لە ڕێی ئەزموونو زانیاری خۆیەوە فێر ببێ چۆن نرخی شیعر ، پەخشان ، فۆرم ، ڕەنگ ، هەڵسەنگێنێ • ئەگەر چاوم ساغ بوایە وای چەند بە تامەزرۆیی دەکەوتمە سەر خوێندن •

ئێوارەی ڕۆژی دووەم لە شانۆ یان سینەما دەبەمە سەر • لەناو گەوهەرە نەخشینەکانی سەردەمی ئەلیزابێت ، چەند تامەزرۆی دیتنی جوانیی هاملێتو گرمەی ڤالستافم (٤) ! ! ناتوانم خۆشی لە هیچ جولانەوەیەکی ڕێکوتەبا وەربگرم ئەوانە نەبێ کە بە دەستلێدان هەستیان پێدەکەم • بە ئاستەم سەمای ڕێنکی پاڤلۆڤا (٥) دەبینم هەر چەندە نەختێ شارەزاییشم لە ئاوازەکەی هەیە ؛ بۆیە زۆر جار وەك ئەوەی لە هۆلی سەما بێت ئاوا دەرك بە لەرەی مۆسیقا دەکەم • باش دەزانم کە دەبێ جولەی ئیقاع دیمەنێکی هەرە خۆشو بەتامی جیهان بێت • کە پەنجەم لەهێلی مەرمەڕی تاشراو دەخشاند شتێکی لێ تێ دەگەیشتم، جا ئەگەر ئەم جوانیيە مەییوە وا دڵگیر بێ داخۆ دەبێ بینینی ئەم جوانیو تەباییيە چۆن هەست بخرۆشێنێ ؟!

سبەینەی پاشی دوبارە پێشوازی بەیان دەکەم ، بەشەوقەوەم بۆ دۆزینەوەی شتی نوێو دڵگیر ، بۆ ئیلهامی جوانیی تازە • ئەمڕۆ ،

---

(٤) هاملێتو ڤالستاف : دوو کەرەکتەرن لە شانۆگەری شەکسپیر •
(٥) پاڤلۆڤا : کچە سەماکەرێکی باڵێی ڕووسیيە •

که سێیەم ڕۆژە ، لەناو ( پرێیش )ەکانی جیهانی دەبەمە سەر ، لەناو ئەوانەی سەریان بە کاروباری ژیانەوە جەنجاڵە • شار قۆناغی ئەم ڕۆژەمە هەوەڵجار لە قوژبنێکی قەرەبالغ ڕادەوەستم تا ئەو خەڵکە ببینم و لە هەندێ لایەنی ڕۆژانەیان بکەم • زەردەخەنە دەبینم و پێ‌ی‌دە گەشێمەوە ، ئیرادەی بەهێز دەبینم و شانازی پێوەدەکەم ، لە حاڵ و گوزەرانیان دەگەم و دڵم پێ‌دەسووتێن • بە شەقامی پێنجەمدا دەسووڕێمەوە ، چاوم زەق دەکەمەوە بۆ ئەوەی نەك تەنیا بابەتی تایبەتی بەڵکو جەنجاڵی گۆڕانی دیمەنــی ڕەنگەکانیش ببینم • دڵنیام کە بریقەی ڕەنگی جلی ئافرەتان لە قەرەبالغی‌دا دیمەنێکی زۆر جوان و سەرنجکێشی هەیەو هەرگیز لە سەیرکردنی تێر نابم ، بەڵام ئەگەر ئەم دیمەنەم بدیبایە بۆی هەبوو وەکو زۆربەی ژنـان هەوەسم بە جل و بەرگ بهاتایەو پشتم لە شتی‌تر بکردایە •

لە شەقامی پێنجەم ، سـەر لە گەڕەکـی هەژاران و فەبریقەکان و باخچەکانی یاری منداڵان دەدەم ، بێ‌ئەوەی لەشار بچمە دەرەوە سـەر لە دەرەوەی وڵات دەدەم ، واتە دەچمە گەڕەکی بێگانان • بە دوو چاوی زەق تەماشای هەردوو ڕووی خۆشی‌و ناخۆشی دەکەم تا بە قووڵی بـیر بکەمەوە تێ‌بگەم خەڵك چۆن ئیش دەکات و چۆن دەژی •

ڕۆژی سێیەم بەرەو کۆتایی دەکشێ ، ڕەنگە زۆر ئیشی گرنگ و بەبایەخ هەبێ کە دەبێ سەرنجیان لێ‌بدەم و ئەم دوو سێ سەعاتەی ماومە بۆیان تەرخان بکەم بەڵام دەترسم ئێوارەی دواڕۆژ دیسان ڕوو بکەمەوە شانۆ ، بچمە شانۆگەری‌یەکی پڕ گاڵتەو گەپ ، بۆ شی‌کردنەوەی کاری کۆمێدی لە گیانی مرۆڤ •

نیوەشەو ، شەوگار ڕەشماڵم بەسەردا هەڵدەکێشێتەوە • دیارە بەو سێ ڕۆژە کورتە پێم نەکراوە ئەو هەموو شتانە ببینم کە دەمەویسـت

بیانبینم • کاتێ کە تاریکی لوولم دەدا ئەو حەلە تێدەگەم کە چەند شت ماوە هێشتا نەمدیون •

ڕەنگە ئەم چەند دێرە لەگەڵ ئەو پرۆگرامەدا نەگونجێ کە تۆ بۆ خۆتی دادەنێی ئەگەر سوور بزانی چاوت کوێر دەبێ • هەر چۆن بێ ، ئەگەر تووشی ئەم کارەساتە ببیت من دڵنیام کە بە جۆرێکی وا چاوەکانت دەخەیتە کار کە پێشتر شتی وات پێ نەکراوە • هەر شتێکی ببینی زۆرت لەلا ئازیز دەبێ ، چاوەکانت زۆر بەخۆشی شتی بەرامبەرت دەقۆزنەوە •

با لەبیرمان نەچێ ، تۆ بەڕاستی چاوت دەبینێ‌و جیهانێکی نازەو جوانت لەبەر دەمە ، منیش کوێرم بەڵام دەتوانم ئامۆژگاری‌یەکی بچووکی چاوساغان بکەم •

چاوساغینە ! چاوتان بە جۆرێکی وا بخەنە کار وەك ئەوەی سوور بزانن بەیانی کوێر دەبن • هەروەها هەستەکانی‌تریش • گوێ لە مۆسیقای دەنگ ، گۆرانی مەل ، ئاوازی پڕ جۆش‌و نایابی ئۆرکسترا بگرن ، وەك ئەوەی کە بزانن بەیانی کەڕ دەبن • دەستبدەنە هەموو شتێ وەك ئەوەی کە بزانن سبەی توانای دەست لێدانتان نامێنێ • بۆنی گوڵ‌و گوڵاو بکەن ، تام‌وبۆی هەموو خواردنێك تاقی‌بکەنەوە هەروەك بزانن بەیانی توانای بۆن‌کردن‌و تام‌کردنتان نامێنێ •

هەموو توانای هەستەکانتان بخەنە کار • هەر ئەم هەستانەن کە زیاتر تام بە ژیان دەبەخشن‌و جیهان لەبەر چاوی مرۆڤ شیرینتر دەکەن • بەڵام لای من ، هەستی بینین لە هەموو هەستەکانی‌دی گرنگترو خۆشترە !

× × ×

# شاعیر (١)

نووسینی : هرمن هسسه (٢)

گۆڕینی : قاسم محمد فتاح

چیرۆکێك هەیە دەڵێ شاعیرێکی چینی هەبوو ناوی ( هان فۆك ) بوو ، هێشتا گەنج بوو ئارەزوویەکی سەیری هەبوو ، دەیەویست لـــە بارەی شیعرو هونەرەوە هەموو شتێ بزانێت‌و هەوڵ بدا شیعر دابنێ • ئەو کاتە هێشتا لە ماڵی باوکی بوو ، ماڵیان لەسەر ( ڕوباری زەرد ) بوو• ماڵەوە زۆریان خۆش‌دەویست • لە مێژ نەبوو بە یارمەتی ماڵەوە کچێکی قشتی لە بنەماڵەیەکی باش مارەکـردبوو • هـەر هێندەی مابوو نسیـب هەستێ‌و بیگوازێتەوە • ( هان فۆك ) تەمەنی بیست ساڵ بوو ، گەنجێکی بێ‌فیزو ڕەوشت بەرز بوو • هەموو زانستێکی خوێند بوو ، هەر چەندە هێشتا گەنجیش بوو بەڵام سەبارەت بە چەند شیعرێکی باش ناوبانـگێکی باشی لەناو نووسەرو شاعیرانی وولاتەکەی پەیـدا کـرد بـوو • خۆی

---

(١) James, B. Hall : The Realm of Fiction, p.p. 196 - 201.

(٢) هرمن هسسه ساڵی ١٨٧٧ لە وێنبرگ هاتۆتە دونیاو ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە • زۆر ڕۆمانی نووسیوەو هەموو نووسینەکانی بۆ بەدی هێنانی ئاشتی جیهانی تەرخان کردووە • گرنگتریـــن ڕۆمانی ( قازی لودی Magister Lundi ) یەو ساڵی ١٩٤٣ بلاو بوتەوە • ساڵی ١٩٤٦ خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە •

دەوڵەمەند نەبوو بەڵام لەبەر چاوی بوو کە لە سای ژنەکەیەوە دەوڵەمەند دەبێ • دەزگیرانەکەی زۆر جوانو قەشەنگو داوێنپاك بوو ، لە هیچی کەم نەبوو کە دڵی کوڕەی لێبتۆرێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کوڕە بێی ڕازی نەبوو ، چونکە بەهیوا بوو ببێ بە شاعیرێکی چاك •

ئێوارەیەك ، ئاهەنگی بیرەوەری ( فانوسی ئەفسووناوی ) لەسەر ڕووبارەکە دەکرا ، بەڕێکەوت ( هانفۆك ) بە تاقی تەنێ لە لێواری ڕووبارەکە دەگەڕا ، چوو پشتی بە قەدی درەختێك داو تەماشای کرد هەزاران تیشك لەناو ڕووبارەکە دەبریسکانەوە • ژنو پیاوو کیچی بەربەخت بە سواری کەلەكو بەلەم دەگەڕانو سڵاویان لەیەك دەکرد ، وەك گوڵ لەناو جلو بەرگی بەزمو ڕابواردندا دەدرەوشانەوە • ( هانفۆك ) گوێی لە هاشەی ڕووبارو گۆرانی کچانو دەنگی گیتارو ئاوازی بەسۆزی بلوێر ڕاگرت ، سەربەاری ئەم هەموو دیمەنانەش دیتی شەوی شین وەك گومەزی ئابیدە دەجولایەوە • بە جۆرێ تەماشای ئەم هەموو دیمەنە جوانەی دەکرد دەتگوت دەیەوێ لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوەو لەگەڵ دەزگیرانەکەیو هاوڕێکانی بەشداری ئەم ئاهەنگە بکات ، یان دەتگوت دەیەوێ باش لەم دیمەنە ڕابمێنێو نەخشەکەی لە مێشکی خۆی بچەسپێنێ بۆ ئەوەی پاشان بیکاتە شیعرێکی بەسۆزو شیعرەکە شینایی شەوو تیشکی ناو ئاوو شادی میوانەکانی ئاهەنگو کڵۆلی خۆی تێدا بێ کە ئەو وەختە پشتی بە درەختێکەوە دا بوو • هەستی دەکرد ئەگەر بەشداری ئاهەنگو خۆشییەکەیشی بکردایە هێندەی ئێستا شادو بەختەوەر نەدەبوو چونکە دەیزانی بە چاوی لایەدە تەماشایان دەکردو وەخۆیان نەدەگرت •

لەبەر تەنیایی خۆی لە جوانی سەرزەوی دەگەیشتو هەموو

نهێنی‌یەکی دەزانی ، زۆر بەم لێکدانەوەیە پەست بوو ، دەیزانی حەسانەوەو دڵخۆشی ڕاستەقینەی ئەم لەوە دایە کە دیمەنە زیندووەکانی سەر ڕووی زەوی لە شیعرەکانی پێشان بدا ، بەمەوەش دونیا دەبێتە مولکی خۆی‌و پاکی‌و جاویدانی لە شیعرەکانی ڕەنگ دەدەنەوە .

( هانفۆك ) ئاگای لە خۆی نەما بوو ، نەیدەزانی داخۆ واگایە یان خەوتووە کە گوێی لە دەنگێکی نزم بوو، وای کرد دیتی کابرایەکی نەناسیاو لەگەڵ ئەوەوە پاڵی بە درەختەکە داوە . کابرا پیرەمێردێکی بەساڵاچوو بوو ، جلێکی هەژارانەو سەیری لەبەر بوو . ( هانفۆك ) کە چاوی پێ کەوت ڕاچڵەکی‌و کەوتە دواندنی . وەك پیاوێکی ماقووڵو خانەدان بێ ئاوا بە خێری هێنا . پیرەمێردەکە پێ کەنی‌و هەندێ شیعری بۆ خوێندەوە . کوڕە دڵی کەوتە قرتوفرت چونکە شیعرەکان ئەو شیعرانە بوون کە ئەو خەریك بوو بیانهۆنێتەوە ، لە ناخی دڵەوە گوتی : « توخوا پێم ناڵێی تۆ کێی ؟ تۆ ئەو کەسەی کە لە گیانم دای ؟ تۆ ئەو کەسەی کە شیعری زۆر لە من جوانتر دەبێژی‌و هەرگیز شیعری وام لە مامۆستاکانیشم نەبیستووە . »

پیرەمێرد وەك گەیشتبێتە لووتکەی ئاوات ، پێ کەنی‌و گوتی : « ئەگەر دەتەوێ ببی بە شاعر ، شوێنم کەوە ، کوخی من لە باکووری ڕۆژاوای چیاکانو لە کن سەروچاوەی ئەم ڕووبارەیە ، (مامۆستای پسپۆری دونیا )م پێ‌دەڵێن . ئیدی پیرەمێردەکە ملی نا تاریکی‌و لە دەوری درەختەکە سووڕایەو لەناکاو بزر بوو . ئەوەندەی ( هان فۆك ) بەدوایدا گەڕا کەلکی نەبوو ، شوونی پێ‌هەڵنەگیرا . یەکسەر هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەمەی دیویە خەون بووەو لەبەر ماندووبوونی خۆی بۆی هاتووە . بە گورجی چووە لای بەلەمەکانو لە ڕووبارەکە پەڕی‌یەوە بۆ

ئەوەی بەشداری ئاهەنگەکە بکات ، بەڵام لەناو گفتوگۆو هەراوهۆریاو دەنگی بلوێرەکانیش دەنگی کابرای نەناسیاوی هەر لە گوێدا دەزرنگایەوە • دڵی هەر لای پیرەمێرد بوو ، بەچاوی خەواڵووەوە لە لاچەپێك دانیشتو هەموو خەڵکە گاڵتەیان خستە سەری •

چەند ڕۆژێکی پێچوو ، باوکی ( هان فۆك ) ویستی لە دوو خزمو دۆستان بگێڕێتەوەو ژن بۆ ( هانفۆك )ی کوڕی بگوازێتەوە ، بەڵام زاوا لێی هەڵقۆزییەوەو گوتی : « باوکە گیان ببوورە کە بە گەورەو زەلامم تێدەگەی و تیمڕادەبینی ژنم بۆ بێنی ؟ بەڵام خۆت دەزانی ئەگەر خۆم بۆ هونەری شیعر تەرخان بکەم شتێکی زۆر پیرۆزە • هاوڕێکانم ڕایان لە شیعرەکانمە بەڵام دەزانم کە من تازە لە سەرەتادامو ڕێگایەکی دوورم لە پێشە • تکات لێدەکەم لێم گەڕێ ماوەیەك بە سەلتی بژیم بۆ ئەوەی باش لە شیعر بگەم چونکە ئەگەر ببم بە خودان ژنو ماڵ دەبێ بکەومە شوێن ماڵداری و واز لەم شتانە بێنم • مادام هێشتا گەنجمو هیچی ترم نی یە حەز دەکەم ماوەیەك بە تەنێ لەگەڵ شیعرەکانم بژیم شیعر میراتی منەو هیوادارم شیعر ناوێکم بۆ پەیدا بکا •

باوکی سەری سوڕماو گوتی : « کوڕم دیارە تۆ ئەم هونەرەت لە هەموو شتێ خۆشتر دەوێ ؟ چونکە بەلاتەوە لە ژنهێنانیش باشترە • یان بەڵێنت لەگەڵ دەزگیرانەکەت تێكچووە ؟ دە باشە ، ئەگەر چ لە گۆڕێ هەیە پێمبڵێ بەڵکو یارمەتیت بدەمو پێکتان بێنمەوە ، یان ئەگەر هەر نەبوو ژنێکی ترت بۆ بێنم • »

کوڕە سوێندی خوارد کە دەزگیرانەکەی وەکو جاران خۆش دەوێو هیچ دڵیان لەیەك نەهێشاوە • ئینجا بۆ باوکی گێڕایەوە کە ئەو ڕۆژەی ئاهەنگی فانوسی ئەفسووناوی دەگەڕا ، لەخەودا مامۆستایەکی

امانه المكتبة المركزية



CS CamScanner

مەزن پەیامی بۆ هێناوەو لەو ڕۆژەوە بۆتە خولیای کە ببێ بە قوتابی‌یەکی ئەم مامۆستایە ٠

باوکی گوتی قسەت بەجێ‌یەو ساڵێك مۆڵەتت دەدەم‌و لەوانەیە لەو ماوەیەدا بە ئاواتی خۆت بگەی ٠ ( هانفۆك ) بە دوودڵی‌یەوە گوتی : کێ دەزانی لەوانەیە دوو ساڵ بخایەنێ ٠

بەم جۆرە باوکی ڕێ‌ی‌داو ئامۆژگاری کردو ئەویش نامەیەکی بۆ دەزگیرانەکەی نووسی‌و لە ماڵەوە بۆی بەجێ هێشت‌و ملی ڕێگای خۆی گرت‌و ڕۆیشت ٠

( هانفۆك ) ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت ، گەیشتە سەرچاوەی ڕووبارەکەو کوخێکی دی لە چۆلەوانی‌یەك قیت بووبووەوە ٠ ئەو پیرەمێردەی کاتی خۆی (هانفۆك) بینی ، پشتی بە درەختەکەدا بوو ، لە پێش کووخەکە لەسەر حەسیرێك دانیشتبوو عوودی لێ‌دەدا ، کە چاوی بەو میوانە کەوت بەرێزەوە بۆی دێ ، نە لەبەری هەستاو نە چاك‌و خۆشیشی لەگەڵ کرد ٠ هەر هێندە بوو پێکەنی‌و پەنجە ناسکەکانی بە ژێ‌ی عوودەکە داهێنا ، دەنگێکی ئەفسووناوی وەك تەمی زیوین لەناو گەلیەکەدا زرنگایەوە ٠ ( هانفۆك ) لە مۆلەق ڕاوەستاو هیچ شتی بەبیر نەما تا پیرەمێردەکە عوودەکەی وەلا ناو بەرەو کوخەکە چوو ، (هانفۆك) وەك شاگردو یاوەرێکی دڵسۆز چووە دوایەوە ٠

پاش مانگێك ( هانفۆك ) وای لێ‌ی‌هات بێزی لە شیعرەکانی پێشووی دەبووەوەو لە بیر خۆی دەبردەوە پاش چەند مانگێك ئەو شیعرانەیشی لەبەر بێزرا کە لە مامۆستای فێر ببوو٠ پیرەمێردەکە زۆر کەم دەیئاخاوت، بەرەبەرە فێری عوود لێدانی کرد ٠ ( هانفۆك ) سەرەتا دەستی بە فێربوونی مۆسیقا کرد ٠ جارێکیان شیعرێکی نووسی باسی دوو باڵندەی

دەکرد کە لە ئاسمانی پایزدا دەفرین • شیعرەکەی زۆر بە دڵ بوو ، بەڵام پێشانی ماﻣۆستاکەی نەدا • ئێوارەیەك لە نزیك کوخەکە ئـەم شیعرەی بە گۆرانی دەگوت ، ماموستاکە گوێی لێبوو هیچ قسـەی نەکرد ، هەر هێندە بوو لەسەرەخۆ کەوتە عوود لێدان ؛ یەکسەر هەوا سارد بوو ، تاریکی باڵی بەسەر دونیادا کێشاو بایەکی توند هەڵی کرد دەتگوت چلەی زستانە • دوو ڕەوە باڵندە لە ئاسمانەوە بە پەرۆشەوە لە هەوارگەیەکی تازە دەگەڕان • ( هانفۆك ) پەستو داماو بوو ، خۆی بەلاوە کابرایەکی بێسوود بوو چونکە ئەم شتانە لە شیعرەکەی جوانـتر بوون •

پاش ساڵێك ( هانفـۆك ) فـێری عوودلێدانێـکی باش بوو بەڵام هونەری شیعری بەلاوە بە پیزتر بوو • پاش ساڵێکی‌تر (هانفۆك) غەریبی ماڵو نیشتمانو دەزگیرانەکەی هەستا ، داوای لە ماﻣۆستاکەی کرد ماوەی بدا بگەڕێتەوە • پیرەمێردەکە بزەیەکی بۆ کردو سەری لەقاندو گوتی : « تۆ سەربەستی • کەیفی خۆتە دەچیتە هەر کوێیەك بڕۆ • چ حەز دەکەی بڕۆ ، چ حەز دەکەی بمێنەوە ، چۆنت پێ‌خۆشە وا بکە • »

( هانفۆك ) خۆی پێچایەوەو • کەوتە ڕێ • بەیانی‌یەك گەیشتە کەناری ڕوباری خۆیانو لە پردە کوورەکە پەڕیەوەو خزایە نـاو باخچەی ماڵی باوکی‌و لە پەنجەرەی ژووری نووستنەوە گوێی لە مشەی باوکی بوو کە لە خەوێکی گراندا بوو • خۆی دزی‌یەوەو کشایەوە ناو درەختەکانی ئەو بەری خانووەکەو چووە سەر دارهەرمێ‌یەك‌و تەماشای دەزگیرانەکەی کرد کە لە ژووری خۆی وەستابوو پرچی شانە دەکرد • کە ئەم دیمەنەی لەگەڵ دیمەنی مێشکی خۆی بەراورد کرد بۆی دەرکەوت کە بۆیە هاتۆتەوە چونکە شاعیرەو خەونی شاعیرانیش ئەو جوانی‌و چاکی‌یەیە

که هەموو کەس بەپەرۆشەوە بەدوایدا دەگەڕێ بۆیە لەسەر درەختەکە دابەزی و پشتی کردە باخچەکەو ملی ڕێگای گرت و لەشار چووە دەرەوەو گەڕایەوە گەلی‌یەکەی ناو شاخان ، دیتی پیرەمێردەکە وەك جاران لە پێش کووخەکە لەسەر حەسیرەکەی دانیشتبوو پەنجەی بە ژێی عوود دادەهێنا • لەباتی بەخێرهێنانی دوو پارچە شیعری بۆ خوێندەوەو کوڕەش که گوێی لەم دەنگە بەسۆزە بوو چاوی پڕ فرمێسك بوو •

( هان‌فۆك ) لای پیرەمێردەکە مایەوە بۆ ئـەوەی دوای فێـر بوونی عوود ، فێری گیتاری بکات • مانگ وەك بەفری بەر ڕەشەبا دەڕۆیشت • دوو جار غەریبی ماڵەوەی هەستا ، جاری یەکەم بە شەو ، بە دزی ڕایکرد، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە پێچی گەلی‌یەکە شەوبای هـات و لە گیتارەکەی‌دا که بە بەردەر گای کووخەکەوە هەڵواسرا بوو ، گیتارەکە دەنگی دایەوەو دەنگی گەیشتە بەر گوێی ( هان‌فۆك ) و ناچاری کرد بگەڕێتەوە • جاری دووەم لە خەودا دی کە خەریك بوو نەمامێکی لەناو باخچەی ماڵێ دەچاندو ژنەکەیشی لە تەنیشتی بووو منداڵ بە شیرو مەی نەمامەکەیان ئـاو دەدا ، کە هوشیار بووەوە تریفەی مانگ هاتبووە ژوورەوە ، حەپەسابوو دەتگوت سیحری لێ کراوە ، بینی پیرەمێردەکە لە تەنیشتی‌یەوە نووستووەو ڕیشی ماش و برنجی بە نەرمی دەجووڵێتەوە • لەناکاو هەستێکی تونـدو تاڵی بەرامبەر بە پیرەمێردەکە بەسەردا هات ، چونکە وای هەست کرد کە ئەم پیرەمێردە ژیانی تێك و پێك داوەو لەبارەی دوارۆژەوە تـەفرەی داوە — هاتە سەری بیکوژێ ، پیرەمێرد چاوی کردەوە ، بزەیەکی نەرم و غەمگینی هاتێ و ( هان‌فۆك ) ی سارد کردەوە •

پیرەمێردەکە بە ( هان‌فۆك ) ی گوت : « هان‌فۆك لە بیرت نەچێ تۆ سەربەستی دەتوانی بچیتـەوە ماڵێ و نـەمام بنێژی ، دەتوانی ڕقت لـە من بێتەوەو تا دەمرم دارکاریم بکەی ، گرنگ نی‌یە » •

( هانفۆك ) ی شاعیر له ناخەوە هاواری کرد : «تۆخوا چۆن دەتوانم ڕقم لێت بێتەوە ، ئەگەر ڕقم له تۆ بێتەوە دیارە ڕقم له خوا دەبێتەوە ! » •

هەروا مایەوە تا فێری گیتار لێدان بوو ، پاشان فێری بلوێرلێدانیش بوو ، ئینجا بەڕابەری مامۆستاکەی دەستی بە شیعرنووسین کردو ووردە ووردە فێـری ئـەم هونـەرە گرانـە بوو کـە چـۆن ( بـا ) ڕووی ئاو دەجوولێنێتەوە ئەویش ئاوها گیانی گوێگر دەبزوێنێ • باسی هەڵاتنی ڕۆژی دەکرد چۆن له چیاکان دەبریسکێتەوە ، باسی جوولەی کپی ماسیانی دەکرد کە وەك سێبەر دەچنە ژێر ئاو ، باسی شەکانەوەی نەرمی شـتڵە چنـاری دەکرد بە دەم بای بەهارەوە • ئەمانە هـەر تەنیا هـەڵاتنی ڕۆژو مەلـەی ماسیو شەکانەوەی شتڵەچنار نەبوون بەڵکو دیار بوو کە هەمـوو سـاڵێ زەویو ئاسمان بە یەکەوە ئاوازو مۆسیقایەکی بە جۆش ساز دەدەن کـە پیاو گوێی لێدەبوو دەکەوتە خەیاڵی لەززەتو نەفرەتی لـەو هەمـوو شتانە دەکرد کە دەبوونە هـۆی دڵخۆشـیو دڵتەنـگی ، منـداڵ یـاری دەکەوتەوە بیرو گەنج دڵبەرو پیر مەرگ •

( هان فۆك ) بە بیری نەما بوو چەند ساڵی لەگەڵ پیرەمێردەکەو لە سەروچاوەی ڕووبارەکە بردۆتە سەر ، وای دەزانی هەر دوێنێ بوو کـە هاتو پیرەمێردەکە بە لەراندنەوەی ژێی عوودەکەی بەخێری هێنا وای دەزانی هەموو تەمەنی مرۆڤو هەموو ساتو کاتێك بێبایەخو دوور لـە ڕاستییە •

بەیانییەك ، کە ڕاگاهات دیتی بە تاقی تـەنێ ماوە ، تەماشـای دەوروبەری خۆی کردو چەندی بانگی کرد پیرەمێردەکە دیار نەبـوو • دەبوو شەوی ڕابردوو بهاتایەوە • کزەبایەك کوخەکەی دەهەژاندەوە •

هەرچەندە وادەی کۆچی باڵندانیش نەبوو بەڵام باڵندە پۆل پۆل کۆچیان دەکردو بەسەر زنجیرە چیاکاندا دەڕۆیشتن •

پاشان ( هانفۆك ) عوودە بچووکەکەی هەڵگرت‌و ڕووەو شاری خۆی کەوتە ڕێ • دەگەیشتە هەر کەسێ سڵاویان بۆ دەکرد وەك ئەوەی کە سڵاو بۆ پیاوێکی مەزن یان پیرەمێردێکی نوورانی بکەن • کە گەیشتەوە شاری خۆیان باوکی‌و دەزگیرانی‌و هەمـوو خزمەکانـی مـرد بوون ، ماڵێکی‌تر هاتبوونە حەوشەی ئەوان • ئەو ئێوارەیەش دیسان ئاهەنـگی فانۆسی ئەفسوناوی بوو • ( هانفۆك )ی شاعیر لە ڕۆخی ڕوبارەکە ، لە دوورەوە ، لە تاریکایی ، پشتی بە قەدی درەختێکەوە دا • دەستی بـە عوودلێدان کردو هەموو ژنەکان کەوتنە ئاخ هەڵکێشان‌و چاویان تێبڕی • زۆر بێ کەیفخۆش بوون لەو شەوە خۆشە بێزار بوون • لاوێ بانگی عوودژەنەکەی کرد بەڵام نەیدۆزی‌یەوە ، بە دەنگێکی بەرز بانگیان کرد کەڵکی نەبوو • کەس ئاوازی وای لە عوود نەبیستبوو • ( هانفۆك ) لە قاقای پێکەنینی دا • تەماشای ڕوبارەکەی کرد دیتی هەزاران فانوسـی ئەفسوناوی لەناو دەبریقانەوەو دەجولانەوە نەیدەزانی چۆن جیاوازی ڕەنگدانەوەو بریقانەوەی وێنەکانی ئاهەنگی جاری یەکەم‌و ئەم ئاهەنگەی دووەمینە بکات • ئەوەندەی ڕاما هیچ جیاوازی نەدی لە بەینی ئێستا ئەو کاتەی کە بە گەنجی لێرە وەستا بوو و گوێی بۆ قسەی پیرەمێردەکە شل کرد بوو •

× × ×

# سەتڵی پڕ (١)

نووسینی : یوری زباناتسکی
وەرگێڕانی : سەباح حمە ڕەشید

ڕوباری ( دینسا ) هەستا بوو • شەپۆلی ساردو سەوزباو لە کەناری دەداو کەفی هەڵدەداو بەلەمە بچووکو شەکەتەکەی دەهەژاندەوە • بڕوام نەدەکرد ئەوە منم کەیشتوومەتە ووشکانی چونکە ئەختێ پێش ئێستا لەژێر ڕەحمەتی شەپۆلو ڕەشەبادا بووم • بەلەمەوانەکە گەڕایەوە ، چوو برادەرەکەم بێنێو منیش لەسەر ڕەگو ڕیشالی دارتوویەکی پیر دانیشتمو چاوەڕێم کرد •

---

(١)

Yuri Zbanatski : Full Buckets, Sl, No. 9. 1968. p. p. 66 - 72.

(٢) یوری زباناتسکی سالی ١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی فەلاحی هەژار هاتۆتە دونیاوەو مامۆستایەتیو ڕۆژنامەگەریتی کردووە • لە شەڕی ١٩٤١ ــ ١٩٤٥ لە مەفرەزەیەکی چەتەگەریدا بوو • نازناوی ( پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت )ی وەرگرت •
یەکەم چیرۆکی سالی ١٩٤٤ چاپ کرد • تا ئێستا بیست کتێبی زیاتر چاپ کردووە ، لە مانە : گەلی میهرەبان (١٩٥٥) ، ماسیگرە (١٩٥٩) ، دوورگەکانی کوریل (١٩٦٣) پێش وەرزی دروێنە (١٩٥٥). • یوری زباناتسکی سالی ١٩٥٩ خەلاتی نیکۆلای ئۆستروڤسکی بە چیرۆکی (یەك تاکە کەس ــ ١٩٥٩) وەرگرت •

پایزێکی درەنگ بوو ، هەوری بەفرانبار بە خێزایی لە ئاسمان شۆڕ دەبووەوەو بای ساردیش لەگەلا ڕەش هەڵگەڕاوەکانی دەداو لە درەختەکانی دادەڕنین ، ڕوبارەکە کەفی دەکردو سەری کەفەکە دەبوو بە ووردە بڵقو بڵقەکان لە کەنارەکە پووچ دەبوونـەوە • لە دوورەوە دەتگوت قۆمەتە خوێیەکی پیسی ڕژاوە •

کاتێ یاکۆف سوار بوو بەلەمەکە زیاتر داکەوت • دڵم گوشرا • هەر هێندە بەلەمەکە کەوتە بەر شەپۆلان دەتگوت ئێستا تا بنی ڕوبار خۆی ناگرێتەوە • هەر چەندە تازە خۆم لەبەردەم ئەم شەپۆلانەدا بووم بەڵام دیار بوو ئێستا بایەکەی توندترو مەترسی‌یەکەی زیاتر بوو • منو یاکۆف لەمێژ بوو یەکدیمان دەناسی بەڵام ئێستا زیاتر لەیەك نزیك بووین • تەنیا ئەم دوو کەسە بووینو لەبەر ئیشێکی سەختو گراندا بووین کە بە تەنیا کەسێ نەدەکرا • هەڵبەت ئامادەبوونو پشت گیری هاوڕێیەکـی دڵسۆز پێویست بوو - بۆ ئەوەی پیاو هێمنترو بە متمانەتر بێ •

بەلەمەکە بەدەم شەپۆلانەوە دەهاتو دەچوو • خەریك بوو تاریك دابێ : پایزان زوو ئێوارە دادێ • ڕوباری دێنساو بەلەمەوانەکەو بگرە بەلەمەکەش وەکو تارمایی‌یان لێ‌هاتبوو ، دەتگوت هەموویان بەشێـکی هەقایەتێکی ئەفسانەیین •

بەلەمەوانەکە بە ڕاستی وەکو پیرەمێردێکی هەقایەتی ئەفسانەیی وا بوو • چاوی بچووکو سوورو بە ڕیـپـۆق بـوو ، جوولـەی هێمنو بەمتمانە بوو ، نیشانەی ئازاییو نەبەردی لە دەمو چاوی اوچلۆچـی دیار بوو ، هەندێ پەڕۆکۆنی لەسەر شانو جووتە قۆندرەیەکی گەورەی لەپێدا بوو •

دوا جار دڵم ئۆقرەی گرت • بەلەمەکە گەیشتە کەنارو یاکۆف بازیدا سەر قۆمەتی تەپی کەنار • بەلەمەوانەکە سەری هەڵبڕی و تەماشای هەوری نزمی کرد وەك ئەوەی کە هەورەکە بنمیچی ماڵی خۆی بێ • سەرنجێکی بە سەراپای ئاسمانی تاریكدا جشاند • یاکۆف پرسی : « بابە ، کرێت چەندە ؟ » پیرەمێرد بە ناڕەزایی لێوی زاری بـێددانی لستەوەو ڕووی وەرگێڕاو چرپاندی : « یەك سوپاسی پیاوی مەرد • » برادەرەکەم بە گاڵتە گوتی : « ئەدی ئەگەر مەرد نەبن » •

— ئەم زەمانە کێ دەتوانێ خەڵك لەیەك جوردا بکاتەوە ؟ هەموو جۆرە کەسێك هەیە •

قسەکەیم پێخۆش بوو بۆیە لێم‌پرسی : « جا بەلەمەوانی وەك ئێوە هەر بە سوپاس خەڵك دەپەڕێننەوە ؟ »

— « خووە ، لەوەتی هەم ئیشم خەڵـك پەڕاندنەوەیـە • کەرەستەی جاران وەکو هی ئێستا کۆنو بێکەلك نەبوو • »

پیرەمێردەکە بە نەرمی دەستی بە تەنیشتی زبری بەلەمەکـــە داهێنا وەك ئەوەی کە مرۆف بێ نەك کۆمەڵە شەپکەیەکی ڕزیو • یاکۆف هەندێ مارکی ئەڵمانی لە گیرفانی دەرهێنا : فەرموو بابە • بەڵکو بەکەڵکت بـێ ! »

بەلەمەوانەکە کە چاوی بە مارکەکان کەوت ، لە تەوقی سەردانەوە تا بنی پێمان تەماشای کردین وەك ئەوەی تازە بمانبینێ • لە تووڕەیی‌یان ڕووی گرژ بوو و برۆکانی وێك هاتنەوە • خێراو بە تووڕەیی مارکەکانی ڕەت کردەوە ، دەتگوت بۆقی قوڕاوی‌یان پێشکەش کردووە : « پێم‌زانی ، نامەوێ ، سوپاس ، هیچم ناوێ ، لای ئێوەم خۆش • »

ملی پێوەنا ڕۆیشتو کە لە کەنارەکە ترازا تەماشایەکی تری کردین،
هێشتا تووڕەیی‌و بێزاری‌یەکەی نەڕەوی بووەوە ، لێم مسۆگەر بــوو،
ئەگەر لــەناو بەلەمــەکە مارکەکـانمان عەرز بکردایە هەمووی نقــووم
دەکردین ، با خۆیشی بخنکایە . پیرەمێرد دەیزانی چ جۆرە کەسێك
پارەی ئەلمانی پێیە ، کە ئێمەی پەڕاندەوە وای دەزانی ئێمە سۆڤیێتـین
بەلام کە دەرکەوت ...

چ بکەین ؟ نەماندەتوانی پێی بڵێین کە پێش پەڕاندنەوەمان بەچیمان
تێ گەیشتبوو ئێمە هەر ئەوەیــن . چۆنــی بــۆ بســەلمێنین ؟ ناسنامەی
ساختەی ئۆکرانی‌و ئەلمانیمان پێ‌بوو ، مۆری ڕەسمی ئەلمانی‌و ئیمزای
لــێدرا بــــوو . بــە پێی ئەو ناسنامانە ئێمە ئەندامــی ئــەنجوومەنـــی
هەرێمایەتی بووین‌و بە ئیشی ڕەسمی‌یەوە دەچووینە چیرنیگۆف .

گرنگ ئەوە بوو بگەینە چیرنیگۆف‌و هاوڕێ‌ بەرگری کەرەکانمان
بدۆزینەوە بەڵکو یارمەتیمان بدەن خۆمان بگەیەنینە لیژنەی بەرگری .
هەر چەندە ناسنامەی باشمان هەبوو بەلام پەست‌و نارەحەت بووین ، قەت
بەم جۆرە نەچووبووینە چیرنیگۆف . زۆرمان نەما بوو بگەینە شار ،
بەلام بڕیارماندا شەو لە گوندێکی نزیکە شار ببەینە سەر .

کە گەیشتینە گوندەکە دونیا تەواو تاریك بوو ، گوندەکە گوندێکی
بچکۆلانە بوو ، نە یارکۆڤ و نە من ، پێشتر ڕێمان تێ نەکەوتبوو .
هەستمان ڕاگرت ، هیچ نیشانەی ژیــان‌و ئــاوەدانی پێوە دیار نەبوو .
بایەکی سارد لەسەر زەوی سەوزەی دەوروبەری درەختــە غەمبارەکان
گفەی دەهات‌و خانووە بچووکەکان دەتگوت لە ترسان خۆیان پێـکەوە
نووساندووە . هیچ تروسکایی‌یەك دیار نەبوو . چووینە یەکەم ماڵ

پێش ئەوەی بگەینە هەیوانەکە یەکێ دەنگی داین• ئافرەتێ لەتەك گەورەکە وەستا بوو بە دڕدۆنگی سەیری دەکردین •

« ئەرێ ئەمشەو نامانحەوێننەوە • »

« ئەگەر بمتوانیایە بە شانازی‌یەوە دەمحەواندنەوە بەڵام یاسا یاسایە • بەبێ پرسی موختار ناتوانم » ماڵی موختار لە ناوەندی گوند بوو • خانوویەکی گەورەی هەبوو ، بانەکەی تۆتیا بوو ، یەکسەر زانیمان کە ئەمە قوتابخانە بووەو دەسەڵاتی تازە دەستی بەسەردا گرتووە• موختار لە ماڵەوە نەبوو• ژنەکەی کە ڕووگرژو ڕەشەسمەرو چاوبچووك بوو بە ڕوویەکی مۆن‌و نەیارانە بە خێرهاتنی کردین‌و کەوتە توانج‌و بۆڵەبۆڵ •

« موختار شوێنی تایبەتی خۆی هەیە ، ڕۆژ تا ئێوارە لەوێ‌یە ، بەس نی‌یە ، هەرچی خلەوبلە هەیە دێنە ماڵەوە ، شەویش لێ‌ناگەڕێن بحەسێتەوە • »

تووڕەبووم ، بەڵام ویستم بیکەمە گاڵتە : « پووری ، لەوێ هەر دادەنیشێ ، زۆردانیشتن بۆ تەندروستی خراپە ، بۆ نەخۆشی دڵ‌و شتی وا باش نی‌یە • »

ژنەکە بەجێی هێشتین‌و کەوتە سەر کاروباری ناوماڵ ، هەرچەند ناخۆشیش بوو بەڵام بڕیارمان دا چاوەڕێی موختار بکەین • ماڵەکە بۆنی چۆلەوانی لێ‌دەهات ، خانەخوێش پرووشکی دەهاویشت • دەمانەویست بە زووترین کات بڕۆین‌و ئەو شەوە لەناو زەوی‌یەك یان لە مێرگێك لەسەر قەسەر یان گەلاو چڵ‌وچێو بنووین زۆر باشترە ؟ ڕاستە سەرمامان دەبێ

بەڵام بە دڵنیایی پاڵ دەدەینەوە • دونیا تەواو تاریك بوو کە ترپەی پێیەك هات ، ژنی موختار خێرا چرای پێ کرد •

کابرایەکی کورتەبنەی تێکسمراو هاتە ژوورەوە ، سەرنجێکی نەیارانەی لێدایین و بە ساردی بەخێرهاتنی کردین و چاکەتەکەی داکەند، دەمو چاوی سوورو لووتی زل و گۆشتن و چاوی زەردو بزۆزی قینیان لێدەچۆڕایەوە • پیاو بە دەست خۆی نەبوو ، حەزی دەکرد هەراسانی بکا •

بە ڕووگرژی پێم گوت : « تۆی موختار ؟ » •

– بەڵێ ، چیت دەوێ ؟

بەبێدەنگی ناسنەمەکانم نایە دەست •

بە ویقارەوە چراکەی لە کن سۆپاوە هێنایە لای مێزەکەو بە مەعزوری لە ناسنامەکان وورد بووەوە ، بە ئەسپایی بەرزی کردنەوەو لە چاوی نزیك خستنەوە • پاشان کە سەری هەڵبڕی و تەماشای کردین ، کەمتەرخەمی و بێباکی جارانی نەما بوو •

– « بەڕێزینە ! ببوورن کە زۆر چاوەڕێتان کردووم • وا بزانم ئەمشەو دەمێننەوە » •

گوتمان : بە تەماین •

– « حەزم دەکرد لە ماڵی من بن بەڵام ژوورەکەم کەلکی نییەو خۆتان دەزانن ••• » بە تووڕەیی تەماشایەکی ژنەکەی کرد « پیرەژنەکەم زۆر جینگزە ، بەو بێ بمرێ نەك ڕێبوارێك بحەوێنێتەوە ، لێمان مەگرن • ئێستا لای دراوسێیەك جێتان بۆ دەکەمەوە » • بە

شادی‌یەوە پێشنیازەکەمان قبوول کرد • پێشمان کەوت‌و ڕۆیشتین
لە ڕێگا، موختار کە پێی خۆش‌بوو ئەو میوانانەی لە کۆڵ بێتەوە،
کەوتە باسی ئەو ماڵەی بۆی دەچووین :

– خێزانێکی بچووکن • تەنیا دایك‌و کیژن • کابرا خۆی سەرتیپ بوو • ئێستا لەگەڵ بولشەوی‌یەکانە دژی ئێمە ماناندەجەنگێ • کچەکەش مامۆستای قوتابخانەیە، ئەم ساڵ کۆلیجی تەواو کردووەو هێشتا دانەمەزراوە » • مرقەی پێکەنینێکی پڕ قینی لێوە هات • دیار بوو ئەمەی زۆر بەدڵ بوو • من لە دوایەوە دەڕۆیشتم • بەمن بوایە زەبرێکی وای لێ‌بدەم لە زەوی بەمە خوارێ •

خانووەکە داخرا بوو، موختار ڕنگ لە پەنجەرەی دا • دەنگێکی نەرم‌و کز هات : « کێ‌یە ؟ » • ( منم، موختارم، پاراسکا، بکەوە ) هەستمان کرد دەستی دەکوتا، وەك ئەوەی لە تاریکی‌و لە ترسان شمشیرەی بێ‌نەدۆزرێتەوە •

چووینە ژوورێ • ژوورەکە چرایەکی لێ‌بوو • کچێکی جحێڵ دانیشتبوو نەخشی دەکرد، نەختێ سەری بەرز کردەوە، سەرنجێکی نەیارانەی لێداین‌و کەوتەوە سەر ئیشی خۆی • بەزەییم پێداهاتەوە؛ ویستم قسەیەکی وا بکەم دڵی پێ‌خۆش بێ •

بە خانەخوێکەم گوت : « ببورن بەم درەنگە سەخڵەتمان کردن » دایکە وەڵامی دایەوە : « گوێ مەدەرێ، ماڵ بە میوانەوە شیرینە »؛ کچەش وای پیشان دا هەر گوێشی لێ‌نەبووە •

موختار مرتاندی : « دەبێ پێتان خۆش بێ، دەزانن چیتان لەسەرە...!!» ژنەکە سوور هەڵگەڕا، تووڕەو هەراسان بوو، بە موختاری

گوت : « ماکار ، شەرم ناکەی قسەی وا دەکەی ، خـەڵك وا دەزانێ ئێمـە پیاوکوژین ••• » موختار بە تونـدی گوتی : « ئێمـە ئاگاداری هەمـوو شتێکین ، مێردت لەگەڵ سوورەکانە ، بە خۆو بە کچەکەشت حەز دەکەن ئەوان سەر بکەون •• »

\+ پەیوەندی بە ئێمەوە نی یە •

\- بیبڕوە ، بێنە خواردن بخە پێش ئەم برایانـە خۆ ماڵت وێران نابێ خواردنەوەیەکیشیان بۆ بێنە ؛ مانـدوون ، لە دوورەوە هاتـوون •

\+ کە نەبێ ، نی یە ••• چ دەکەی •••

ویستمان بڵێین ئێمە ناخۆینەوە بەڵام موختار پێی داگرت ـ دیـار بوو دەیەویست خۆیشی شتێ بخواتەوەو لەگەڵمان دابنیشێ •

ژنەکە چوو هەندێ قۆدکا بێنێ‌و کابرا ملی لەبەر ملی کچەکە نا : « ماریا، ئەو هەموو خوێندنەت بە فیڕۆ چوو • بەبێ تەگەرە قوتابخانەو کۆلیـژت تەواو کرد بەڵام بەهار دابێ‌وەکو ئەو خەڵکە دەبێ بکەویە سەر کاروباری کێڵگەو پەین کردن » • کابرا ڕقی لە چاوان دەبریسکایەوە • کچەکە بە هێمنی وەڵامی دایەوە : « قەیـدی نی یـە • پەین کردنیشـ دەزانـم » • پیرەژن بوتڵێ قۆدکای پەیدا کرد بـەڵام منو یاکۆڤ نەمانخـواردەوە • موختار خێرابوتلەکەی هەڵقۆڕاندو بەلارەلار ملی ڕێگای ماڵەوەی گرت • دنیا کش‌ومات بوو • جا بۆ ئەوەی ئەم ساردی یە بشکێنم‌و باشتر لە کچەکە بگەم ، گوتم :

\- موختارتان مۆن دیارە ؟

\- ئەوەیە کە دەیبینی •

- قسە گەرم بوو .

- کۆلیژت تەواو کردووە ؟

کچە هەناسەیەکی هەڵکێشا : « ئا ! »

- دەبی بە مامۆستا ؟

+ نەخێر ، هەر بیریشی لێناکەمەوە .

- بۆچی ؟

+ دەبێ بمە چ مامۆستایەك ؟ ڕاستە فێری وانەگوتنەوە بوویم ، بەلاّم نەك بە ئەلمانەکان » .

- ئێستا بڕیارێك هەیە قوتابخانەی چوار پۆلی بکەنەوە ، من خۆم خەریکیم ، لەوێ داتدەمەزرێنین » .

چاوی ئومێدم بڕی یە کچەکە کچە نەختێ بیری کردەوە ئینجا گوتی :

+ نەخێر ، بەکەڵك نایە ، سوپاس . پەینکاری بۆ من باشترە ! »

پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی :

بە خەڵکی تر دەکرێ ، بە تۆ دەکرێ ؟ وا نی یە ؟ دوێنێ سۆڤیەت دەستیان دەڕۆیشت و تۆ لەگەڵیان بووی ، کەچی ئەمڕۆ ... بەلاّم شتی وا بە من ناکرێ ، دەرۆزە بکەم شتی وا ناکەم . »

سەری شۆڕکردەوەو دڵۆپە فرمێسکێکی کەوتە سەر نەخشەکان ، هیچ قسەی تری نەکرد ، لەسەر ئیشەکەی هەستاو چوو بنوێ . بە تەواوی لە کچەکە گەیشتم و بەزەییم پێداهاتەوە . بەلاّم چۆن یارمەتی بدەم ؟ چ بڵێم ؟

بۆ بەیانی بڕیارماندا چێشت نەخۆین ، یەکسەر بڕۆین ، کچەکە لە ماڵەوە نەبوو، دایکی بە ڕێی کردین و هەر چەندە بە ڕوومان گرژی‌یەوەو هیوای گەشتێکی خۆشی بۆ خواستین بەڵام هەستم کرد لە پەنا ئەم نەرمی‌و ڕووخۆشی‌یە چەندی ڕق لێمانە • بە گەرمی بۆی گرژیمەوەو گوتم : « ئومێدەوارم مێردەکەت بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێتەوە » •

زۆرم حەز دەکرد ماریا ببینم و قسەیەکی وا بکەم تێ‌بگا کە ئێمە لەوانە نین کە ئەو تێمان گەیشتووە • لە دەرەوەی حەوشە تووشی هاتین • سەتڵی پڕ ئاوی بە دارێکەوە بە شانی دادا بوو ، بە خێرایی تەماشای کردین و چاوی داخست من هەڵم دایە : « بە سەتڵی پڕەوە تووشمان هاتی ، بەختەوەری‌یە » •

بە ساردی گوتی : « دەشێ » •

نەمزانی لە کوێوە دەست پێ‌بکەم ، گوتم : « بەلانی کەمەوە ئاواتی خۆشیمان بۆ بخوازە •

+ دیارە هێشتا خۆشیتان نەدیوە ؟ خاوەن ئێشن ، بۆ بەختیار نابن » سەتڵەکان لەرینەوەو ئاوی سارد پڕوشکی وەك زیوی لێ‌پڕژا • کچە ڕۆیشت • پێم‌نەکرا ئاوا بەم شێوەیە دەست بەرداری بم • کەوتمە شوێنی‌یەوەو لەبەر دەرگا پێی گەیشتم : « قومە ئاوێکم بدەرێ » •

وەستا تا ئاوەکەم خواردەوە • ڕاستی ، تینوو نەبووم • هەر تەماشایم دەکرد ئەویش بە پەستی ڕاوەستا بوو تەماشای نەدەکردم • نەمدەزانی چی پێ‌بڵێم • دوا جار گوتم : « تۆ کچێکی جوانی‌و ئەوەی دەیکەی زۆر ڕاستە • تەنیا خزمەتی ئەوانە بکە کە فێریان کردووی ، ڕێزی خۆت بگرە » •

به سەرسامی تەماشای کردم . « لە قوتابخانەی خۆت ، قوتابخانەی ئێمە دەبێ بە مامۆستا ... باش بە ، لە بیرمان مەکە » .

یەکسەر ڕووم وەرگێڕاو بە کۆلانەکەدا شۆڕبوومەوە ، شادومان بووم کە توانیم چیم لەدڵدا بوو بیڵێم ، بەو کچەیشی بڵێم کە بێزی لێمان دەبووەوەو وای دەزانی ئێمە خایەنین . لەو سەری کۆلانێ چیتر خۆم پێنەگیرا ، ئاوڕم دایەوە ، دیتم کچەکە لە شوێنی خۆی چەقی بوو ، تەماشای ئێمەی دەکرد .

× × ×

نزیکەی ساڵێکی پێچوو ، چوومە کەرتێکی پارتیزانی ئەو ناوە . کچێکم بینی دەتگوت پێشتر دیومەو نایناسمەوە بەڵام هێندەی کردم نەمزانی لە کوێ دیومە .

کچە بە خەندەیەکی دۆستانەوە لێم هاتە پێش و زۆر بە گەرمی دەستی گوشیم : « نامناسی‌یەوە ؟ » .

تەماشای چاوە قوولەکانم کرد ، نەمناسی‌یەوە . گوتی :

+ کێ بوو پار پایزێ بە سەتڵی پڕەوە لە ڕێگا تووشتان هات ؟ دەستی بە پێکەنین کرد ، پێکەنینێکی نەرمو خۆش دەتگوت ئاوەو لە سەتڵەوە دەپڕژێ .

منیش پێکەنیمو گوتم : « ئەدی کێ بوو ئاواتی خۆشی بۆ نەدەخواستین ؟ » .

+ دوای ئەوەی ئێوە ڕۆیشتن ، پاش ئەوەی تو قسەکانت لەگەڵ کردم لە دڵەوە خۆشیم بۆ خواستن » •

کچە قسەی دەکردو منیش ئەو پایزەم هاتبووەوە بەرچاو کە قەت لەبیری ناکەم ، بیرم لە بای ساردو دێنسا دەکردەوە کـە کەفی دەکـردو گەرداوی لەسەر هەڵدەستا •

X X X

---

ئەدەبی بێگانان

بەشی سێیەم

ئامادەیە بـۆ چـاپ

---

# فەلامەرزێکی خۆپەرست (١)

نووسینی : ئۆسکار وایلد

وەرگێڕانی : ئازاد حمه شریف

منداڵ لێ ڕاهاتبوون کە پاش نیوەڕۆیان لە قوتابخانە دەهاتنەوە ، دەچوون لە باخی فەلامەرزێك یاری‌یان دەکرد •

باخەکە زۆر گەورەو دڵگیربوو ، سەراپای گیای نەرمو نیانبوو ، پڕاوپڕی گوڵی جوانو بۆ نخۆش بوو کە وەك ئەستێرە بە ڕووی ئاسمان پێدەکەنین • ئەو باخە دوازدە دارخۆخی گەورەی تێدا بوو کە بەهاران دەبووژانەوەو گوڵی وەك مەرجانیان دەردەکردو پایزانیش میوەی بەتامیان دەبەخشی • باڵندە ڕەوە ڕەوە لەسەر درەختەکان دەنیشتنو ئەوەندە بەسۆز دەیانخوێند منداڵ هەموو وازیان لە یاری دەهێناو گوێ‌یان بۆ شل دەکردنو تێکڕا هاواریان دەکرد :

« ئای جێمان چەند خۆشە ، ! وای چەند بەختەوەرین ! »

فەلامەرزی خاوەنی باخەکە دوای ئەوەی حەوت ساڵی ڕەبەقی لای

---

(١) The Works of Oscar Wild. The Selfish Giant.

فەلامەرز : واتە ( عملاق )! ، ( Giant )

دۆستێکی لە ( کۆرنیش ئۆگر ) بردە سەر بڕیاری دا بگەڕێتەوەو ئیتر لەناو کۆشك‌و سەراو باخ‌و باخاتی خۆی بژی • کە گەیشتەوە جێ بینی منداڵ لەناو باخەکەی یاری‌یان دەکرد ، بە دەنگێکی گڕو ترسناك تێ‌ی ڕاخوڕین :

« کورە ، ئەوە لێرە چ دەکەن !؟ »

منداڵەکان هەموو پڕ بە پێ ڕایان کرد •

« باخ باخی خۆمە لە خۆم زیاتر نابێ کەس پێ‌ی بەناو ئەم باخە بکەوێ •»

پاشان فەلامەرزەکە شوورەیەکی گەورەی لە دەوراندەوری باخەکە دروست کردو لەسەری نووسی :

« هەر کەسێ بێتە ژوورەوە لێدان دەخوا • »

بەخوا برا فەلامەرزێکی خۆپەرست بوو !

بەم جۆرە منداڵەکان وایان لێ‌هات هیچ شوێنێکیان نەبوو یاری لێ‌بکەن ، کە لە خوێندن دەبوونەوە ناچار دەچوونە سەر شەقام ، بەڵام لەبەر ئەوەی شەقامەکان پیس‌و پڕ بەرد بوون دڵیان پێ‌نەدەکرایەوەو ناچار بە دڵتەنگی دەچوون لە دەوری شوورەکە دەسووڕانەوەو باسی باخەکەیان دەکردو دەیانگوت : « وای ، کاتی خۆی چەند بەختەوەر بووین ! »

هێندەی پێ‌نەچوو بەهار هات ، هەموو شوێنێك پڕ گوڵ‌و باڵندەی بچووك بوو ، کەچی لەناو باخی فەلامەرزەکەدا هەر زستان بوو • لەبەر ئەوەی منداڵ ڕێ‌یان نەدەدرا بچنە ناو باخەکە ، باڵندەش گۆرانی‌یان

نەدەگوتو درەختەکان گوڵیان دەرنەدەکرد ، یەك جار نەبێ گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ سەری لەناو گیا دەرهێنا بەڵام هەر هێندە نووسینی سەر شوورەکەی خوێندەوە ، پەستو دڵتەنگی دایگرتو لە داخان سەری کێشایەوە ژێر زەوی‌و کەوتەوە خەو .

لەم باخەدا تەنیا بەفرو شەختە ڕۆژیان بوو ، پێکەوە هاواریان دەکرد : « بەهار ئەم باخەی لەبیر کردووە ، کە بەهاریش نەیێ ئێمە بە درێژایی ساڵ لێرە دەمێنینەوە . » بەفر پاڵتۆ سپی‌و زلەکەی خۆی بەسەر گیاو گوڵدا هەڵکێشا بوو ، شەختەش تاسی زیوی لەسەر چلەپۆپەی درەختەکان نخوون کردبووەوە . داوایان لە ڕەشەبای باکووریش کرد بۆ ئەوەی بێت‌و لەگەڵیان بمێنێتەوە ، ئەویش هات ، خۆی لە فەروویەکی ئەستوور پێچا بوو ، بە درێژایی ڕۆژ لەناو باخەکە وورشەی دەهات‌و دووکەڵکێشەکانی ژێراوژوور دەکرد . ڕەشەبا کە هەموو باخەکە گەڕا ، گوتی : « بە خوا برا جێگایەکی خۆشە ، دەبێ تەزرەش بانگ بکەین »

تەزرە هات ، ڕەنگی خۆڵەمێشی گرتبوو و هەناسەی وەك بەفر سارد بوو ، هەموو ڕۆژێ سێ سەعاتی ڕێك ئەو کۆشك‌و سەرایەی دەکوتاو کاریتەکانی دەشکاندو پاشان بەناو باخەکەدا دەسووڕایەوە .

فەلامەرزەکە کە لەبەر پەنجەرەیەك دانیشتبوو تەماشای باخە ساردو سڕەکەی دەکرد ، گوتی :

« نازانم ، ئەم ساڵ بەهار بۆ وا دوا کەوت ، هیوادارم ئەم تەڕوتووشی‌یە نەمێنێ‌و هەوای خۆش بکات . »

بەڵام نە بەهار هات‌و نە هاوین .

پایز هەموو جۆرە میوەیەکی بە باخان بەخشی ، بەڵام هیچ لای لە باخی فەلامەرزەکە نەکردەوە ، پایز گوتی :

« فەلامەرز زۆر خۆپەرستە ، شایەنی هیچ شتێك نی یە • »

بەم جۆرە لەناو باخی فەلامەرزەکە هەر زستان بوو • ڕەشەبای باکوورو تەزرەو شەختەو بەفر شایی‌و زەماوەندیان تێدادەگێڕا •

بەیانی‌یەك ، فەلامەرزەکە لەناو جێ ڕاکشا بوو ، گوێی لە مۆسیقایەکی دلفڕێن بوو ، ئەوەندەی بەلاوە شیرین بوو وای زانی مۆسیقاژەنی پاشایەو بەوێدا دەڕوا ، کەچی ڕاستی‌یەکەی ئاوازی باڵندەیەکی بچووك بوو کە لەو بەری پەنجەرەکە دەیخوێند بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو لە باخەکە گوێی لە دەنگی هیچ باڵندەیەك نەبوو بوو بۆیە ئەم ئاوازەی بەلاوە خۆشترین سمفۆنیای دونیا بوو • تەزرە وازی لە شایی‌و هەڵپەڕکێ هێنا ، ڕەشەبای باکوور لە وورشە وورش کەوت • باخەکە پڕ بۆن بوو ، لە هەموو لایەکەوە بۆنی خۆشی بۆ دەهات •

فەلامەرزەکە لەبەر خۆیەوە گوتی : « وا بزانم بەهار هاتو گەیشتە جێ • »

ئیدی لەناو جێ دەرپەڕی‌و چاوی بە باخەکەدا گێڕا چی دیبێ باشە؟ جوانترین دیمەنی دونیا !!

منداڵەکان لە کونێکی شوورەکە هاتبوونە ناو باخەکەو چووبوونە سەر لکی دارەکان • تەماشای هەر درەختێکت دەکرد منداڵێکی بچکۆلەی لەسەر بوو • درەختەکانیش بە گەڕانەوەی منداڵەکان شادو دڵخۆش بوون‌و کەوتنە بووژانەوەو چرۆ دەرکردن‌و چلەکان بە نەرمی لەسەر سەری منداڵان دەهەژانەوە • باڵندە بە شادی لەم چلەوە دەفڕین بۆ ئەو چڵ‌و دەیانجریواند • گوڵەکان لە سەوزەگیا ڕادەمان‌و بە نەرمی

دەخەنینەوە • بەڕاستی دیمەنێکی دڵگیر بوو • تەنیا گونجێکی باخەکە زستانی لێ‌مابوو ، منداڵێکی بچووك لەوێ وەستا بوو ، ئەوەندە بچووك بوو نەیدەتوانی بەسەر هیچ درەختێك بکەوێ بە دەوری درەختێك‌دا دەسووڕایەوەو زۆر بە کوڵ دەگریا • ئەم درەختە کلۆلە هێشتا هەر شەختەو بەفری لەسەر بوو و ڕەشەبای باکوور وورشەی لەسەر دەهات • درەختەکە بە منداڵەکەی گوت :

« بچکۆل سەرکەوە ، سەرکەوە ! »

لکەکانی بۆ شۆڕکردەوە کەچی منداڵەکە ئەوەندە بچووك بوو هێشتا هەر پێی نەکرا بەسەر درەختەکە بکەوێ •

فەلامەزرەکە کە چاوی بەم دیمەنە کەوت وەك بەفری بەرهاتاو توایەوە ، لەبەر خۆیەوە گوتی :

« ئای کە من خۆپەرستم ! تازە تێگەیشتم بەهار بۆ چ نەگەیشتۆتە ئێرە • ئێستا ئەم منداڵە بچووکە دەخەمە سەر ئەو درەختە ، ئەم شوورەیەش تێك‌وپێك دەدەم‌و باخەکەم دەکەمە گۆڕەپانی یاری هەمیشەیی منداڵان • »

بەڕاستی لە کردەوەی پێشووی دڵتەنگ‌و پەشیمان بووەوە • هێدی لە پەیژەکە دابەزی ، دەرگای کردەوەو هاتە ناوباخەکە ، کە منداڵەکان چاویان پێ کەوت لە ترسان هەڵاتن‌و کە لە باخەکە دەرچوون یەکسەر زستان هاتەوە ، تەنیا منداڵە بچکۆڵەکە هەڵنەهات چونکە لە هەژمەتان چاوی پڕ فرمێسك‌بوو بوو و پێشتر فەلامەرزی نەدی بوو • فەلامەرزەکە لە پشتەوە لە منداڵەکە سووڕاو بە هێواشی بڵندی کردو لەسەر درەختەکەی دانا ، درەختەکە دەم‌و دەست بووژایەوەو چرۆی دەرکرد • باڵندەکان

ڕەوە ڕەوە هاتن و گۆرانیان گوت • منداڵە بچووکەکە هەردوو دەستی خستە گەردنی فەلامەرزو ماچی کرد • کە منداڵەکانی تر بینیان فەلامەرز زگرەشی جارانی نەماوە بەغار هاتنەوە ناو باخ و بەهاریش لەگەڵیان هاتەوە •

فەلامەرزەکە گوتی : « منداڵینە ! ئیتر ئەم باخە باخی خۆتانە » • دەستی دایە کولنگێکی گەورەو کەوتە ڕوخاندنی شوورەکە • نیوەڕۆ کە خەڵك چوونە بازاڕ دیتیان فەلامەرزەکە لەگەڵ منداڵان لەناو جوانترین باخدا یارییان دەکرد •

منداڵ لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەناو باخەکە یارییان دەکرد، کە ئێوارە دادەهات ، دەچوون ماڵاواییان لە فەلامەرزەکە دەکرد • ئێوارەیەکیان فەلامەرزەکە ڕووی لە منداڵەکان کردو گوتی :

« ئەرێ کوا هەڤاڵە بچکۆلەکەتان ، ئەوەی ئەو ڕۆژە لەسەر درەختەکەم دانا • »

فەلامەرزەکە ئەو منداڵەی لە هەموویان خۆشتر دەویست ، چونکە ماچی کرد بوو • منداڵەکان گوتیان :

« ئێمە نازانین لە کوێیە ، ڕۆیشتووە » •

فەلامەرزەکە گوتی : « دەبێ پێی بڵێن و ڕازی بکەن کە سبەی بێتە ناو باخ ! »

منداڵەکان گوتیان : « نازانین ئەو منداڵە ماڵیان لە کوێیەو هەر نەشمان دیوە • » فەلامەرز ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو •

بەم جۆرە هەموو پاش نیوەڕۆیان کە قوتابخانە بەردەبوو ، منداڵەکان

دەهاتنە لای فەلامەرزەکەو لەناو باخەکە یاری‌یان دەکرد ، کەچی منداڵەبچووکەکە هەر دیار نەبوو .

فەلامەرزەکە لەگەڵ منداڵەکان زۆر تەبا بوو ، بەڵام زۆری مەراق بوو کە هەڤاڵە بچووکەکەی بدۆزێتەوەو هەموو جارێ باسی دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیگوت : « وای دەنا ئەم جارە بمدیبایەوە ! »

ڕۆژگار هات‌و ڕۆیی ، فەلامەرزەکە پیرو کەنەفت بوو ، توانای یاری نەمابوو، هەموو جارێ دەچوو لەسەر قەنەفەیەکی گەورە دادەنیشت‌و تەماشای گەمەی منداڵانی دەکرد ، دڵی زۆر بە باخەکەی خۆش بوو و لەبەر خۆیەوە دەیگوت : « زۆر گوڵی جوانم هەیە ، بەڵام منداڵ لە گوڵیش جوانترن ! » ئیدی ڕقی لە زستان نەدەبووەوە چونکە دەیزانی زستان خەوی بەهارەو ماوەی پشوودانی گوڵانە .

سەر لەبەیانی‌یەکی زستان ، فەلامەرزەکە لەخەو هەستاو خۆی گۆڕی‌و سەیرێکی دەرەوەی کرد ، دیمەنێکی دڵفرێنی کەوتە بەرچاو ، بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد ، چاوی هەڵگلۆفت ، دووبارە تەماشای کرد ، دیتی درەختێك لەو پەڕی باخەکە بوو ، بە گوڵی سپی‌و قەشەنگ ڕازابووەوە ، لکەکانی زیوین بوون‌و میوەی زیوینی پێدا شۆڕببووەوە . هاوڕێ بچکۆلە دێرین‌و خۆشەویستەکەی لە ژێر ئەم درەختە وەستا بوو . فەلامەرزی پیر زۆر بەکەیف بوو ڕایکردە ناو باخ‌و بە هەشتاوی ڕۆیشت‌و چووە کن منداڵەکە . کە تەواو لێی‌نزیك کەوتەوە دیتی دوو ڕنۆکیان لە ناو لەپ‌و دوو ڕنۆکیشیان لە پێی دا بوو ، فەلامەرزەکە کە ئەمەی دی زۆر توورە بوو ، لە توورەیی‌یان سوور هەڵگەڕا ، دوو جار لەسەر یەك گوتی : « کێ بریندای کردی ! » .

« کێ برینداری کردی ، پێم بڵێ ، بچم بەم

شمشێرە سەری پەل بدەم »

منداڵەکە وەڵامی دایەوە : « کەس ، ئەمە برینی خوای ئەڤینـە ! » فەلامەرزەکە گوتی : « بۆ چما تۆ کێی ؟ » کـە وای گوت ترسـێکی گەورەی لێ نیشتو سەری بۆ منداڵەکە دانەواند .

منداڵەکە بە ڕووی فلامەرزەکە پێ کەنی و گوتی : « تۆ جارێ ڕێت دام یاری لەناو باخەکەت بکەم ، ئێستا هاتووم تۆش بێی بچینە ناو باخی من ، کە بەهەشتە ! » .

نیوەڕۆ کە منـداڵ هاتنـەوە نـاو باخی فەلامـەرزی پیر ، دیتیـان فەلامەرزەکە لەبن درەختێك مردووەو هەمـوو لەشی بـە گوڵی سـپی داپۆشراوە .

× × ×

# ڕەمووزنە (١)

نووسینی : م . گۆرکی
وەرگێڕانی : هیوا عومەر ئەحمەد

ڕۆژێکی گەرم بوو ، خۆر وەکو بیبیلەی ئاسمانە شینەکە دەبریسکایەوە . کەشکەشانی ئاسمان بە بەزەییەوە لە زەوی دەڕوانی . خامۆشیو هێمنی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا بوو . بەلەمی ڕەنگاوڕەنگی ڕاوەماسی کەوانەیەکی بێجوولەیان لەناو ئاوی شینی کەنداوەکە پێك هێنا بوو . ئاوەکەش دەبریسکایەوەو ئاوی چاوی دەبرد . گاشەبەردێك وورگی دابووە ناو ئاوەکە. دوورگە ئەرخەوانییەکان لە دوورەوە دەبینران ، هێشووە ترێو نارنجو لیمۆو هەنجیرو گەلازەیتوونە زیوینو گوڵی ئاڵتوونیو زەردو سوور ڕۆخە بەردینەکەیان داپۆشی بوو کە بە سنوورێکی خوارو خێچەوە خۆی ترنجاندبووە دەریاکەوە . میوە نارنجیو زەردەکان ئەستێرەی شەوێکی ساماڵیان دەهێنایەوە یادی مرۆڤ .

ژنێکی ڕەشپۆشی کەڵەگەت ، هێدی هێدی بە ڕێی نێو باخچەکاندا، لە بەردێکەوە هەنگاوی دەنا بۆ بەردێکیتر ، ڕێگاکە لێژو تەنگەبەر بوو

---

(١)
M. Gorky : Tales of Italy, Moscow, Foreign Languages Publishing House, p.p. 89 - 99.

بەڵام ئەم خانمە هێندە بەدڵنیایی یەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە دەتگوت قاچەکانیشی چاویان هەیەو زەوی یەکەی پێ دەبینن • بسکی زیوین و سەری ڕووت بوو • خۆرەتاو بەرگە قەڵباوی یەکەی قاوەیی کرد بوو • چەند گیسوویەکی ئاڵۆزکاو هاتبوونە سەر ناوچەوان و کوڵمە ڕەنس داگیرساوەکانی • دەم و چاوی مۆن و درێژکۆلە بوو • هەر کەسێ جارێك ئەم دەم و چاوەی بدیایە ستەم بوو لە بیری دەرچێت • سەری شۆڕکردبووەوە ، لەگەڵ هەنگاوەکانی دا لەنجەی دەکرد • خەڵکی بەسەرهاتەکەی وا دەگێڕنەوە گوایە ژنی ماسیگرێك بووە ، پاش زەماوەندیان کابرا چووە بۆ ڕاوو نەگەڕاوەتەوە ، ئەمی بە سكپڕی بەجێ هێشتووە • کاتێ منداڵی بوو لەگەڵ خۆیدا نەیدەبردە دەرەوە ، لە کووچەیەکی تاریکی ماڵۆچکەکەی دەیشاردەوە • هێشتا ئاواش دراوسێ کانی دیبوویان – دەیان گوت :

– منداڵێکی سەر زل و چاو زەردهەڵگەڕاوو بێ جوولەو چاو داپچڕاوە •

دەیانگوت :– ئای ئەم خانمە چەند لەش سووك و ڕووخۆش بوو ، ملەلانێی لەگەڵ نەداری دا دەکردو شادی بەسەر خەڵکی دا دەپەخشاند ، ئێستاش خەمبارو لێوبەبارەو خۆی لە خەڵکی دابڕیوە •

زۆری نەبرد هەموو کەس زانی منداڵەکەی – ڕمووزنەیە ، کە ئەمەیان زانی چوونە لای و پێیان گوت :– ( دەزانن ئەم ڕمووزنەیە – خوادەزانێ سزای چ کارێکە – جێی شەرمەزاری یە ، بەڵام شتەکە لە دەستی تۆدا نەبووە ؛ لەبەر ئەمە پێویست ناکا بە گوناهی منداڵەکەی بزانی و لە ڕووناکی خۆر بێ بەشی بکەی ) •

گوێی بۆ ڕادێرانو ڕموزنەکەی پیشان دان ، دەستەکانی هێندە کورت بوو لە پەڕەکەی ماسی دەچوو ، ملی باریك و لاوازو لۆچدار بوو ، دەمو چاوی چرچو لۆچو دەمی زل بوو ، هەمیشە کراوە بوو دەتگوت بەدەم مۆتەکەی مەرگەوە پێدەکەنێ .

خانمەکە لەسەر زەوی دانیشتبوو ، دەموچاوی منداڵەکەی بە دەستی شاردبووەوە ، خەڵکەکە بە بێزلێکردنەوە ڕوویان لە ڕموزنەکە وەردەچەرخاند . جارجارە سەری بەرز دەکردەوە ، بە چاوی پڕ پرسیارەوە دەیڕوانییە دراوسێکانی . ئەمانیش سندووقێکی تەختەیان بۆ دروست کردو هەندێ پەڕۆو پاڵیان تێدا ڕاخستو ڕموزنەکەیان تێخستو لە سێبەرێکی ناو حەوشەکە هەڵیانواسی .

ڕۆژگار ڕابوردو ڕموزنەکە هەر وەك خۆی مایەوە ، ئەوە نەبێ بۆیەکی سەیری کەوتە ڕوو . دوو ڕیز دانی خوارو خێچیش لە دەمیدا دەرهات . فێری ئەوەش بوو نان بە دەستە کۆڵەکانی بگرێو بۆ دەمە زلەکەی ببات . هەرکە بۆنو بەرامەی خواردنی دەکرد سەرە زلەکەی ڕادەوەشاندو دەستی دەکرد بە لورەلور تا خواردنیان فریا نەخستایە نەیدەبڕییەوە ، بە هەڵپە خواردنەکەی هەڵدەلووشی . تا دەهاتیش چڵێستر دەبوو . دایکی زۆر لاوازو بێڕەنگ بوو بوو،دەسکەوتی کزبوو، وای لێهات بژیۆیشی دەست نەدەکەوت ، بەمە وەڕس نەبوو . لە ژێرەوە دەستگیرۆیی دراوسێکانی وەردەگرت . لورەلوری منداڵەکەی ژیانی پێتاڵ کرد بوو ، هەر شتێکی بەر چنگ بکەوتایەو بۆ خواردن بشیایە دەیهاویشتە ئەشکەوتی دەمییەوە ، بە ئافرەتەکەیان دەگوت :

— زۆر نابا تۆش هەڵدەلووشێ ، بۆچی نایخەیتە خەستەخانە یان داڵدەگایەك ؟

ئەمەی پێ گران بوو ، هەڵی دەدایە :

– من بۆ ئەو دەژیم ، تا بمێنم خۆم بەخێوی دەکەم . ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو ، زۆر پیاو هەوڵیان دابوو مارەی بکەن بەڵام هەمووی دەگەڕاندنەوە دواوە . یەکێکی بەدڵ بوو ، پێی گوت :

– لەوە دەترسم ڕمووزنەیەکی تریش بخەمەوە .

پیاوەکە زۆر هەوڵی لەگەڵدا دڵی نەرم بکاو ئەم بیرەی لەسەر دەربکا ، پێی دەگوت :

– لە بەزەیی – مریەم – بێ هیوا مەبە .

دایکی ڕمووزنەکە دەیگوت :

– نازانم بڵێم چی ، زۆر دڵڕەقانە سزادراوم .

کابرا لێی پاڕایەوەو دەستی کرد بە گریان ، بەڵام خانمەکە پێی گوت :

– نەخێر ، هەرگیز شتێ ناکەم باوەڕم پێی نەبێ ، وازم لێ بێنە .

بەم جۆرە وازی لێ هێناو سەری خۆی هەڵگرت و نەگەڕایەوە .

چەند ساڵێ بەخێوی کرد ، سەری هێندەی تۆپێکی گەورەی لێ هات . ملەباریکەکەی نەیدەتوانی ئەم سەرە زلە هەڵبگرێ ، بەم لاو بەو لادا دەکەوت . گەرێنگانەیەك ڕمووزنەکەی دەدی زەندەقی دەچوو ، نەیشی دەزانی ئەو دەعەجانی یە چی یە . بەسەرە زل و لووتە پان و چاوە دەرپەڕیوەکانی یەوە سەری لە سندووقەکەوە دەردەهێناو سەیرکەرانی دەدا . چاوی بەدیوی لووتی‌دا خێل دەکردو سەرنجی دەکردەوە . گوێچکەکانی درێژوپان بوون . تۆپەلێ مووی لوول و

ئاوزگاو لە تەوقی سەریدا بوو ، دەستە بچووکەکانی لە چرنۆکی مارمیلکە دەچوون • ئەوەی دەیدی بەخۆیدا دەچووەوە بە بەشی خۆی مەمنوون بوو •

بلاك سمیت کە پیرەمێردێکی بێبەزەیی بوو ، هەمیشە دەیگوت :

- کاتێ ئەم دەمە زامەم دێ ، ئەو دەعەجانییەم هاتە پێش چاو هێزوتینی مروڤ هەڵدەاوشێ‌و پیرو کەنەفتی دەکا ، دەڵێ ئێمە لە پێناوی مشەخۆراندا دەژین‌و دەمرین •

دایکەکە پێکەنینی لە بیر چووبووەوە ، نەیدەزانی پێکەنین چییە • هەموو ئەو توانج‌و پلارانەی دەبیست کە دەیانگرتە خۆی‌و ڕمووزنەکەی • ڕەنگی پیری لێ نیشت کە شەو دەهات لە دەرگاوە دەوەستاو ڕووی دەکردە ئاسمان وەکو چاوەنواڕی هاتنی کەسێك بێت • دراوسێکانی دەیانپرسی : ( چاوەڕوانی کێی ؟ ) ، دراوسێکانی بەسەری دا دەهاتن‌و پێیان دەگوت :

- بۆچی نایخەیتە سووچی کلیسەیەکەوە ، هەر خێرەومەند زۆرە خێری پێ بکەن •

خانمەکە ئەمانەی بەدڵ نەبوو ، دەیگوت :

- کاری وام پێ ناکرێ ، بێگانەکان چیمان پێ دەڵێن ؟

- هەموو کەس دەزانێ بێدەرامەتی گشت لایەکی گرتۆتەوە •

ڕێبوماکەران پێش بێگانەکان دەکەوتن‌و گوزەر گوزەر دەیانگێڕان • ڕۆژێکیان گەیشتنە ماڵی ڕمووزنە • دایکی بە مۆنی دانیشتبوو ، بە قیزلێ کردنەوە سەیری دەم‌وچاوی ئەو خەڵکە تێرو تەسەلەی دەکرد ، گوێی لێ بوو باسی منداڵەکەیان دەکردو گاڵتەیان پێ دەکردو لچیان

لێ‌هەڵدەقورتاند . ئەمە ڕموزنەکەی پەست دەکردو دڵی دایکەکەی دەگوشی . چوو بۆ لای کارگێڕی ناوچەکەیان ، سکاڵای لاکردو داوای لێکرد ڕێ بەو بیانییانە نەدات وای پێ‌بکەن . ئەویش ناوچەوانی گرژکردو گوتی :

- کێ گاڵتەت پێ‌دەکات . گوایە ئیتالیایی هێندە نەکردەن ، کێ ئەم قسانەی بۆ کردووی ؟

خانمەکە وەڵامی نەدایەوە ، لێی‌دا ڕۆیشت . لە ماڵەوە لە پاڵ سندووقەکە دانیشت ، دەستی خستە بان سەری بێ‌گیانی منداڵەکەی‌و چاوەڕوانی سەیرکەرانی دەکرد . چاوی پرسیاری بڕی‌یە چاویان . کەس قسەی نەکرد . هەندێکیان حەزیان دەکرد دڵی بدەنەوەو پیرۆزبایی لێ‌بکەن کە لەو چەرمەسەری‌یە ڕزگاری بووە . بەڵام کەس نقەی لێوە نەهات چونکە دەیانزانی وا باشترە هەندێ شت پشت گوێ بخرێ .

تا ماوەیەکی زۆر لە دراوسێ‌و خەڵکەکە ڕاما . پرسیارێکی لە چاوەکانی‌دا دەخوێنرایەوە ؛ بەڵام زۆری نەبرد دڵی ئەمیش وەك دڵی ساکاری ئەو خەڵکەی لێ‌هاتەوە .

× × ×

CamScanner

# جەنگاوەر (١)

نووسینی : ئارنست هەمەنگوای (٢)

وەرگێڕانی : حاجی ئەحمەد

نیك هەستایەوە ، ساغو سەلامەت بوو • لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپی واگۆنی دواوە سەیری هیلەئاسنەکەی کرد کە لە پێچێکدا بزر دەبوو • هەردوولای هیلەئاسنەکە ئاو بوو ، لەوبەری ئاوەکە چغوردو زۆنگاو بـــوو •

نیك دەستی دا چۆکی • سەرچۆکی دڕا بوونو چۆکی داماڵا بوو ، دەستی ڕووشابوو و زیخو مشکی چووبوە بن نینۆکی • لە ڕۆخ هێلەکـــە

---

(١)

The Penguin Book of American Short Stories, Edited By : James Cochrone, 1980, p.p. 382 - 390.

(٢) ئارنســت میلــەر هەمــەنــگوای ســالی ١٨٩٩ لەئـۆك پـارك لــە ( ئیلینۆ )ی لە دایك بووە • یەکەم جار پەیامنێری ( کانساس ستی ستار ) بوو • لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە دڵی خۆی چووە بەشی فریاکەوتن لە ئیتالیاو برینداربوو ، لــە ڕۆمانــی ( ئاوو ئاوچی ، چەك ) ئیلهامی لەم تاقی کردنەوەیە وەرگرتووە • لــە شەڕی نیشتمانیی ئەسپانی پەیامنێر بوو • سالی ١٩٤٠ ( زەنگ بۆ کێ لێدەدرێ)ی نووسی• سالی ١٩٥٣ بە نووسینی (پیرەمێردو دەریا ) خەڵاتی ( پۆلیزەر )ی وەرگرت • سالی ١٩٦١ لە کێچەم کۆچی دوایی کرد • خوای لێخۆش بێ •

دابەزی‌یە دەم ئاوەکەو دەستەکانی شووشت ، جوان جوان دەستی بە ئاوی سارد شووشت‌و قرێژی بن نینۆکەکانی پاك کردەوە ، لەسەر چینجکان دانیشت‌و سەرچۆکەکانیشی شووشت .

ئەو کرێکارە پیس‌و چەپەڵە ! ڕۆژێ هەر دەبێ تووشی بێ ، هەڵبەت دەیناسێتەوە .

گوتی : « کورە ، وەرە ئێرە ، شتێکم بۆ هێناوی ! »

تێ کەوت ، منداڵێکی بچکۆلەی واچ بکا . تازە جارێکی تر ناتوانن بەم جۆرە دایدۆشن .

« کورە ، وەرە ئێرە ، شتێکم بۆ هێناوی » . هەر هێندەو زرم خۆی لەسەر دەست‌و ئەژنۆ لە تەنیشت هێلەکە بە زەوی‌یەوە نووساند .

نیك چاوی سڕی‌یەوە . هەستی کرد چاوی ئەستوور بووە ، چاوی ڕەش بوو ، ژانی دەکرد . ئەم کوڕە کرێکارە چەپەڵە پەنجەی گەیاندە ئەستوورایی چاوی : « ئاە ، باشە تەنیا ڕەش بووە ، چا نەبوو هەر بە هێندە بوو ، کەمیشە . » حەزی دەکرد بیبینێ هەرچەندە لە ئاوەکە ڕاما سوودی نەبوو . دونیا تاریك بوو ، لە هیچ ئاوەدانی‌یەکەوە نزیك نەبوو . دەستەکانی بە پانتۆڕی سڕی‌یەوەو هەستایەوە . سەرکەوتەوە لای هێلەئاسنەکان . بە تەنیشت هێلەکەدا ڕۆیشت کە چەوڕێژ کرابووو ڕۆیشتنی پێدا خۆش بوو بەڵام جەمسەرەکانی پڕ قوم‌و زیخ بوو و ڕۆیشتنی ناخۆش بوو . ڕێگایەکی عەمبارتە بە نەورایی‌یەکدا تێ‌دەپەڕی . نیك ملی ئەم ڕێگایەی گرت ( هەر دەگاتە شوێنێك ) .

کە شەمەنەفەری بار چەند یاردێکی مابوو بگاتە ( والتن جەنکشن) هێدی کردبوووە ، نیك چووبوو خۆی پێوە کرد بوو . ئەم شەمەنەفەرە کە تاریك داهات بوو گەیشتبووە کالسکا .

ئێستا لە نزیكی ( مانسۆاۆنا ) بوو ، سێ چوار میل بەولای گۆمەكان • نیك قەرە بە قەرەی هێڵەكان دەڕۆیشت بەسەر زیخو چەودا دەڕۆیشت • ئەمو مژێكی ترسناك لە گۆمەكان هەڵدەستا • چاوی دەهێشاو برسیشی بوو • هەر دەڕۆیشت و ڕێی دەبڕی • گۆمەكە لە هەردوولای هێڵەكە وەكو یەك وا بوو • پردێكی لەسەر بوو ، نیك پۆتینی لەسەر ئاسنی پردەكە دەنگی دەدایەوە • لە دەرزی جەمسەرەكانەوە ئاوی ژێرەوە ڕەش دەچووەوە • نیك پێی لە بزمارێك داو بەربووەوە ناو ئاو • ئەولای پردەكە گرد بوون • هەردوولای هێلەكە بەرزو تاریك بوون • نیك لەو سەری هێلەكە تروسكایی ئاگرێكی دی • هێدی هێدی لە تروسكاییەكە نزیك كەوتەوە • ئاگرەكە لە تەنیشت هێلەكە بوو ، لە خوار شۆستە بوو • هێلەكە ڕێی بۆ بڕا بوو و ئەو جێیەی ئاگری لێ‌دەسووتا دەشت بووو كەوتبووە ناو دارستانێك • نیك بە هێواشی لە شۆستەكە دابەزیو كەوتە ناو دارستانەكەو بە ناو درەختەكاندا بۆ لای ئاگرەكە چوو • دارستانی دارگوێز بوو • كە دەڕۆیشت پێی لە قەپیلكە گوێزان دانا • ئاگرەكە گەش بوو ، كابرایەكی لەبەر دانیشتبوو • نیك خۆی‌دا پەنا دارەكەو چاوی لە كابرا بڕی • وا وێ دەچوو كابرا بە تەنێ بێ • دانیشتبوو سەری خستبووە ناو دەستی‌و لە ئاگرەكە ڕادەما • نیك هەنگاوێكی ناو چووە بەر ڕووناكی ئاگرەكە • كابرا هەر نەجوولایەوەش نیك گوتی : « شەوباش ! »

كابرا سەری هەڵبڕی‌و گوتی : « ئەوە چاوت بۆ ئەستوور بووە »

— « كرێكارێك لێی دام »

+ « لە شەمەنەفەری بار فڕێی دای ؟ »

— « بەڵێ • »

زانكۆی سۆران
فاكەلتیی ئاداب
كتێبخانەی فاكەلتیی ئاداب
بەشی :
ژمارەی تۆماری كتێب : ٣٦٥٩
بەرواری تۆماركردنی كتێب :

کابرا گوتی : « ئەم زۆلەم بینی ، نزیکەی سەعاتو نیوێك دەبێ بێرەدا تێپەڕی . بەسەر واگۆنەکان دا دەڕۆیشــت ، دەستی لێــك‌دەداو گۆرانی دەگوت .

— « زۆلـە »

کابرا گوتی : « دیارە وای پێباش بووە لێت بــدا ، منیش لــێی دەدەم . »

کابرا ئامۆژکاری کردم : ( ئەگەر هاتو بێرەدا تێپەڕی بەردێکی لــێ‌دە . »

— « لێی‌دەدەم ! »

+ « تۆ کابرایەکی توندو تیژی وا نی‌یە »

نیك وەڵامی دایەوە : « نــەء »

+ « با ، منداڵ هەموو وان . »

نیك گوتی : « دەبێ توندو تیژ بی »

+ « منیش وا دەڵێم . »

کابرا تەماشای نیکی کردو گرژی‌یەوە . نیك لەبەر ڕۆشنایـــی ئاگرەکە دیتی کابرا غەمگینە : لووت فش ، چاو کونە شووژن ، لووت سەیر . نیك یەکەم جار تێ‌ی‌نەگەیشت ، زانــی کــە دەموچاوێــکی سەیری هەیە ، وەك هەویری ڕەنگاوڕەنگە ، لەبەر ئاگرەکە وەکـــو مردوو وایە .

کابرا لێ‌ی‌پرسی : « ڕات لە دەموچاوم نی‌یە ؟ »

نیك شلەژا • گوتی : « بەدی • »

کابرا شەپقەی لەسەر کردەوە گوتی : « تەماشای ئێرە بکە • »
تەنیا یەك گوێی هەبوو ، ئەویش ئاوسا بوو و بەلاسەرییەوە نووسا
بوو ، گوێیەکەیتری لە بنەوە قووت بوو بوو •

+ « کەس شتی وای دیوە ؟ »

نیك گوتی : « نەخێر » • نەختێ تێکچوو •

کابرا گوتی : « بەرگەی دەگرم ، باوەڕ ناکەی بەرگەم پێبگیرێ»

+ « گرۆ دەکەی ؟ »

کابرا گوتی : « بە هەموویان لێیاندام ، پێم نەوێران • »

تەماشای نیکی کردو گوتی : « دانیشە ، برسیتە ؟ »

نیك گوتی : « قەیدی نییە ، دەچمە شار • »

کابرا گوتی : « گوێ بگرە ! من ناوم ( ئـاد )ە • • »

— بە ڕاست ؟

کابرا گوتی : « گوێ بگرە ، من زۆر تەواو نیم • »

— مەسەلە چییە ؟

+ شێتم •

شەپقەی لەسەری نا • نیك پێکەنی • گوتی :

— چ بەلات لێنییە •

+ نەخێر ، وا نییە • من شێتم ! گوێت لێبێ تۆ قەت شێت بووی ؟

نیك گوتی : « نەء ، تۆ چۆن شێت بووی • »

ئاد گوتی : « نازانم ، که شێت بووی خۆیشت نازانی چۆن شێت دەبی • تۆ من دەناسی ، وا نی‌یە ؟ »

— نـەء •

+ من « ئاد فرانسیز » م •

— خواناســی ؟

+ بڕوا ناکەی خواناس بم ؟

— بـــا •

نیك زانی ڕاست دەکا •

+ دەزانی چۆنم لێدان ؟!

نیك گوتی : نەء •

+ دڵم سستە • لە دەقیقەیەك تەنیا چل جار لێ‌دەدا •

وەرە هەستی لێ‌ڕاگرە !

نیك دوودڵ بـوو •

کابرا دەستی گرت : ( وەرە ، دەست بدە مەچەکم • پەنجـەت لێرە دانــێ • )

کابرا مەچەکی ئەستووز بوو ، ماسوولکەکانی هەڵیاندا بوو • نیك هەستی کرد دەماری کابرا زۆر بە سستی لەژێر پەنجەی لێ‌دەدا •

+ سەعاتت پێ‌یە ؟

— نەخێر •



CamScanner

ئاد گوتی : « منیش نیەتم • بێ سەعات کەلکی نی‌یە • »

نیك مەچەکی بەردا •

فرانسیز گوتی : « گوێت لێ بێ • ئەمجارەش مەچەکم بگرە ، تۆ لێدانەکە حسێب کەو منیش تا (٦٠) دەژمێرم • نیك لەبن پەنجە هەستی بە خورپەی سستی دەماری کابرا کردو کەوتە ژماردن • کابراش لەسەرەخۆ بە دەنگێکی بەرز دەیژمارد : ( یەك ، دوو ، سێ ، چوار ، پێنج ••• شەست )و کۆتایی پێ هێنا

+ ئەوە دەقیقەیەك ، هی تۆ بووە چەند ؟

نیك گوتی : « چل »

ئاد بە شادومانی گوتی : « ڕاستە ، قەت زیاد ناکا • »

کابرایەك لە بەربەستی هێلەئاسنەکە شۆڕ بووەوە بەناو ڕووتانەکەدا بەرەو ئاگرەکە هات •

ئاد گوتی : « بەخێر بێی — بەگز — »

بەگز وەڵامی دایەوە : « خۆش بی • » دەنگی بە قولەڕەشـــان دەچوو • لە ڕۆیشتنی‌یەوە نیك زانی قولەڕەشە • ڕاوەستا پشتی لەوان کردو خۆی داهێنایەوە سەر ئاگرەکە • پاشان قیت بووەوە •

ئاد گوتی : ئەمە پالی برادەرمە ، ئەویش شێتە •

بەگز گوتی : « بەختەوەرم بەناسینت ، خەڵکی کوێی ؟ »

نیك گوتی : شیکاگۆ •

قولەڕەشەکە گوتی : شارێکی خۆشە ، ناوی خۆیشت پێ نەگوتم •

— ئادەمز ، نیك ئادەمز •

ئاد گوتی : « بەگز ، ئەوە دەڵێ قەت شێت نەبوویم • »

قوولەڕەشەکە پڕیاسکەیەکی لەبەر ڕۆشنایی ئاگرەکە دەکردەوە

گوتی : « دیارە بەختی هەبووە • »

زۆرانبازەکە گوتی : « بەگز ، کەی دەست بە خواردن بکەین ؟

● هەر ئێستا •

+ نیك برسیتە ؟

— جوورەم لێوە دێ لە برسان •

+ گوێت لێیە ، بەگز •

+ پرسیارەکەم ئەوە نەبوو •

● گوێم لە هەموو شتێکە •

● بەڵێ گوێم لێبوو جەناب چی فەرموو •

خەریك بوو زوێرە گۆشتی دەخستە ناو ئاغلەوێك • کە ئاغلەوێك گەرم بووو ڕونەکە قرچایەوە • بەگز کە لاقی درێژی لەسەر ئاگرەکە داهێنا بوو گۆشتەکەی لابردو هێلکەی لە ئاغلەوێك کردو هەڵگێڕو وەرگێڕی کرد تا لەناو ڕونەکە سوور بووەوو برژا •

● ئادەمز زەحمەت نەبێ هەندێ نان لەو جانتایەدایە ، دەری بێنە • بەگز لە ئاگرەکە کشایەوە •

نیك دەستی گەیاندە جانتاکەو نانێکی دەرهێنا ، کردی یە شەش پارچە • ئاد خۆی کووڕ کرد بووەوە تەماشای دەکرد • گوتی :

+ نیك چەقۆکەتم بدەری •

قولەڕەش گوتی : « نا ، نەکەی ئادەمز ، چەقۆی نەدەیتێ » زۆرانباز دانیشتەوە •

بەگز گوتی :

● ئادەمز ، نانەکەم بۆ ناهێنی !

نیك بۆی هێنا • قولەڕەش گوتی :

● دەتەوێ نانەکەت چەور بکەی ؟

– ڕێ دەدەی ؟

قولەڕەش زوێرە گۆشتێکی هەڵگرتو لەسەر پارچەنانێکی داناو پاشان هێلکەیەکی لەسەر دانا •

● لوولی دەو بیکە بابۆڵەو بیدە جەنابی فرانسیز • ئاد بابۆلەکەی وەرگرتو کەوتە خواردنی • قولەڕەش ئاگاداری کردەوە : « تەماشای ئەم هێلکەیە بکە چۆنە • ئەمە بۆ تۆ و ئەوەی تریش بۆ خۆم » •

نیك قەمپاڵی لە بابۆلەکە دا • قولەڕەشەکە بەرامبەری دانیشتبوو لە تەنیشت ئاد •

گۆشتو هێلکەی بەڕون ئەوەندە بەتام بوو نەبێتەوە قولەڕەش گوتی : « بەڕاستی ، ئادەمز برسییە ! » •

کابراش کە نیك لە ناوەکەیەوە دەیزانی وەختی خۆی زۆرانباز بووە ، بێدەنگ بوو • لەوەتی قولەڕەشەکە ناوی چەقۆی هێنا بوو ئەم متەقی لێوە نەهاتبوو •



CamScanner

چۆنە ؟ پەگز گوتی : پارچە نانێکت بۆ لە ڕون هەلکێشم چۆنە ؟

+ ( زۆر سوپاس ) ، کابرا تەماشایەکی نیکی کرد .

بەگز ئاغلەویکی بۆ ڕاگرت « ئەدۆلف فرانسیز ، فەرمـوو ، ئاد وەلامی نەدایەوە ، هەر تەماشای نیکی دەکرد . قولەڕەش بە نەرمی گوتی : « لەگەڵ تۆمە جەنابی فرانسیز ! » .

ئاد هەر تەماشای نیکی دەکرد . شەپقەی هێنابوە سەرچاوی . نیک تووڕە بوو . لە ژێر شەپقەوە لە نیکی نەڕاند : « ئاوا چەند ڕەزاگرانو ناشیرینی ؟ ، خۆت بە چ تێدەگەی ؟ زۆلێکی لووتبەرزی ، کەس پێی نەگوتبووی بێیتە ئێرە ، لە خۆتەوە هاتی و نانی ئەم کابرایەت خواردو کە داوای چەقۆی لێ کردی تێت هەلتیزاند » .

چاوی لە نیک زەق کردەوە . دەمو چاوی سپی بوو . چاوی هەر ئەوەتە لەبن شەپقەی دیار بوو .

+ تۆ سەر بە گێچەڵی ، چ بەدبەختێ پێی گوتی بێیتە ئێرە ؟

– کەس .

+ نەفرەتت لێبێ . کەس بانگی نەکردووی ، کەسیش نەیگوتووە لێرە بە . دێیتە ئێرەو لەبەر چاوم بەدڕەفتاری دەکەیو جگەرەی من دەکێشیو شەرابی من دەخۆیتەوەو قسەی قۆڕیش دەکەی . کێوە دەچی ؟

نیک هیچ قسەی نەکرد . ئاد هەستایەوە .

+ ئەمن پێت دەڵێم ، خوێڕی ڕەنگ‌زەردی شیکاگۆیی . دەتەوێ سەری خۆت بە پەڕاندن بدەی . تێگەیشتی ؟!

نیك کشایەوە • کابرا زۆر لێی هانە پێش ، بە شەقاوی گەورە هانە پێش • بێی چەپــی دەهاویشــتو بێی ڕاستەی لە دوو خــۆی ڕادەکێشا • سەری بادا :

+ لێم بدە ، دە لێم بدە !

– لێت نادەم •

+ بەم جۆرە دەرباز نابی ، بزانە چتۆ لێدانت بۆ بکەم • وەرە پێش • نیك گوتی : « بیبڕەوە » •

+ دیارە زۆڵی •

کابرا تەماشای پێی نیکی کرد ، کە چاوی داگرت قولەڕەشەکە ، کە لە کن ئاگرەکــەوە دوو بــە دووی دەهــا ، قامچی‌یــەکی لە تــەپڵێ ســــەری دا • کابرا بە پێشــدا کەوتو بەگز قامچی‌یــە ڕەشــــەکەی فڕێ دا کابرا لەناو گیا کەوتو لەسەر دەم ڕاکشا •

قولەڕەش قیتی کردەوە • سەری تەکەتەکی بــوو ، بردی لەبــەر ئاگرەکە درێژی کرد • دەمو چاوی تێکچوو بوو ، چاوی ئەبلەق وەستا بوو • بەگز گوتی : ئادەمز ، زەحمەت نەبێ هەنــدێ ئاوم لەو پەقلەجــە بدێ • بیوورە ئەزیەتم دای •

قولەڕەش هەندێ ئاوی لە دەمو چاوی کابرا ڕشاند ، هێدی گوێی ڕاکێشا ، کابرا چاوی قوچا • بەگز هەستایەوە ، گوتی :

– « باشە ، خۆت تێك مەدە • بەڕاستی پێم‌ناخۆش بوو ، ئادمــز » • نیك تەماشای کابرای کرد : « زۆر باشە » • قامچی‌یەکەی دی لەناو گیا کەوتبوو ، هەڵی گرتــەوە • دەســکی لووس بوو ، لە دەســت

خۆش دەهات • لە پێستەیەکی ڕەش دروست کرا بووو سەرەکەی
توند بە دەسەسرێك بەسترا بوو •
قولەڕەش گرژی‌یەوە : « دەسکەکەی ئێسکی نەهەنگە ئێستا شتی وا دەست ناکەوێ • نازانم چۆن وا بە زانایی خۆت دەرباز کرد •،
نەمویست ئازاری بدەی — دیسان گرژی‌یەوە •
— تۆ ئازارت دا •
من ئیشی خۆم دەزانم • هیچی بە بیر نامێنێ • کەوا بکا دەبێ وای لێ بکەم بۆ ئەوەی بیگۆڕم •
نیك هەر تەماشای کابرای دەکرد ڕاکشا بوو ، لەبەر ڕوناکی چاوی نوقا بوو • بەگز هەندێ داری خستە سەر ئاگرەکە •
ئادەمز ، خۆتی بێ‌ناڕەحەت مەکە • زۆر جاری تر وای لێ‌هاتووە •
نیك پرسی : « ئەوە بۆ شێت بووە ؟ »
قولەڕەش لەلای ئاگرەکەوە وەڵامی دایەوە : « لەبەر زۆر شت • ئادەمز فنجانێك لەم قاوەیە ناخۆیتەوە ؟ »
فنجانە قاوەکەی دایە نیك‌و ئەو چاکەتەی لەبن سەری کابرای بێ‌هۆشی دانا بوو ، ڕێکی خستەوە • قولەڕەش فری لە قاوە دا : « لەسەر شتێك زۆری لێدان خوارد هەر بۆیەش بوو بەم پیاوە ساویلکەیە • ئەو کاتە خوشکی بنەوانی بوو • زۆر جار ڕۆژنامەکان لە بارەی خوشك‌و برایەك دەیاننووسی کە چۆن خوشك حەزی لە برای کردووەو برا ئەشقی خوشکی بووەو پاشان لە نیویۆرك یەکتریان هێناوەو ئەمەش بۆتە هۆی زۆر ناخۆشی •
— لە بیرمە •

● هەڵبەت • ئەمانە خوشك و برا نەبووین ، كەرویشك بووین •
رۆژێك لێیان بوو بە دەمەقاڵێ و كچە رۆیشت و نەگەڕایەوە •
قاوەكەی نۆشی و لێوی بە دەستی سڕیەوە •
ئادەمز قاوەیەكی ترت بۆ تێ كەم ؟ » « كوڕە شێت بوو •
– سوپاس •

قولەڕەش درێژەی پێدا : « دووجار كچەم دیوە ، كچێكی قۆز بوو • هێندە بە برای دەچوو دەتگوت جمكن • ئەم كابرایەش دەموچاوی كوتراوی نەبێ زۆر كۆكە • » ڕاوەستا • دیار بوو چیرۆكەكەی تەواو بوو • نیك پرسی : « تۆ لەكوێ تووشی بووی ؟ » قولەڕەش گوتی : « لە بەندیخانە • پاش ئەوەی ژنەكە رۆیشت و نەگەڕایەوە ئەمە دەستی لە هەموو كەس دەوەشاند • جا گرتیان و خستیانە بەندیخانە • منیش پیاوێكم بریندار كرد بوو بۆیە گیرا بووم • » گرژیی‌یەوەو بە دەنگێكی نەرم پێدا چوو : « یەكسەر خۆشم‌ویست و كە بەربووم چوومە سەردانی • بەشێتێتم تێدەگاو منیش لێی ناگرم • حەزم لێیە لەگەڵی بم و دەشتم بێ‌خۆشەو حەز ناكەم لە یاسا دەربچم و ملپێچی بكەم • حەز دەكەم جوامێرانە بژیم » •

نیك پرسی : « باشە ، ئیشتان چییە ؟ »

● هیچ ، هەر دەسووڕێینەوە • ئەو پارە پەیدا دەكا •

– دەبێ پارەیەكی زۆری پەیدا كرد بێ ؟

● ئەدی • بەڵام هەموو پارەكەی خەرج كردووەو لێیان سەندوە • ئێستا ژنە پارەی بۆ دەنێرێ •

ئاگرەکەی تێك‌دا ، گوتی : « ژنەکە زۆر کەتەو جوانە • ئەوەندە پێسك دەچن دەڵێی بجمکن » •

قوڵەڕەش تەماشای کابرای کرد ، ڕاکشا بوو بە ئاستەم هەناسەی دەهاتو دەچوو • پرچی سیسی هاتبووەوە سەر نێوچەوانی • بە دەمو چاوی رووشاوی هەر لە منداڵی نووستووی دەکرد • بە دەنگێکی قولەڕەشانەی نزمو ناسك‌و بە ئەدەبەوە گوتی :

« ئادەمز ، ئێستا دەبێ هوشیاری بکەمەوە • زەحمەت نەبێ حەز دەکەم تۆ بڕۆی • لێم‌مەگرە کە وا دەڵێم چونکە هوشیار بێتەوەو بتبینێ بێ تێك دەچێ‌و ئەگەر دەست بێ‌بکاتەوە ناچارم لێی‌بدەم تا ئارام بێتەوە • نابێ وا بکەم تێکەڵی خەڵك بێ • خۆ لە دڵت گران نی‌یە ، ئادەمز ؟ نەئ ، سوپاسم مەکە ، ئادەمز ؛ دەبوایە پێشتر مەسەلەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە بەڵام دیار بوو تۆی کەوتبووە بەر دڵ ، گوتم دیارە دەستی لێ ناوەشێنێ • بەسەر هێلی ئاسن‌دا بڕۆ دوای دوومیلی‌تر دەگەیتە شاری ( مانسۆلۆنا ) • بەخێر بچی • حەزم دەکرد ئەم شەو خزمەتت بکەم بەڵام ڕێك‌ناکەوێ • دە هەندێ نان‌و گۆشت لەگەڵ خۆت بەە ! نابەی ؟ باپۆلەیەك بۆ خۆت بکە • بەخێر چی ئادەمز ، بەخێر چی‌و ئۆغرت خێر بێ » •

نیك لەکن ئاگرەکە ڕۆیشت‌و بەناو ڕووتانەکەدا ڕووی کردە لای هێلی ئاسنەکە • کە لە مەودای ڕوناکی ئاگرەکە دوورکەوتەوە گوێی ڕاگرت • قولەڕەش بە نزمی دەدوا • نیك لە قسەکانی نەگەیشت پاشان گوێی لە دەنگی کابرا بوو گوتی : « بەگز ، ژانە سەرێکی خراپم گرت » •

قولەڕەش بە نەرمی گوتی : « فرانسیز ، ئێستا باشتری ؟ فنجانێ لەم قاوە گەرمە بنۆشە » .

نیک چووە سەر بەربەستی هێلی ئاسن و ملی ڕێی گرت . باوڵەکەی هەر بە دەستەوە بوو خستییە گیرفانی . پێش ئەوەی هێلەکە پێچ بکا بۆ ناو زوورگان ، لە بڵندایییەکە ئاوڕێکی دایەوە دیتی ئاگرەکە لەناو ڕووتانەکە دەبریسکایەوە .

× × ×

# مردن لەناو دارستاندا

نووسینی : شیرود ئەندرسن

وەرگێرانی : حسام کەریم بەرزنجی

پیرەژنێکی بەساڵاچـوو بوو ، لە کێڵگەیەکی نزیك شـارەکەمان دەژیا • بێ گومان پیرەژنی وا لە لای هیچ کەسێ ، چ خەڵکی شارو چ هی وولاتیش بە گشتی ، نامۆ نەبـوو ، بـەڵام زۆریشیـان لەبارەوە نەدەزانی • ئەم جۆرە پیرەژنانە ••• هی وا هەبوو سواری پیرەئەسپێکی لەڕو لاواز دەبوو ، یان زەمبیلەیەکی بەدەستەوە دەگرت و بە پێیـان ملی ڕێی دەگرت • جاری وا هەبوو مریشك و هێلکەی دەخستە نـاو قەفەزێك و بەلاکەلاك بۆ شار دەهات ، دەچـوو لای سەوزەفرۆشێـك و بە کەل و پەلی تر ئال‌وویری پێ‌دەکردن ، هەندێ گوشت بەرازو لۆبیاو نیوکیاۆ ، کیلۆیەك شەکرو هەندێ ئاردی دەکڕی و پاشان دەچووە لای گۆشتفرۆشێك و هەندێ هوردك و پورتکە گۆشت و ئێسقانی بۆ سەگەکانی وەردەگرت • دە پازدە درهەمێکی خەرج دەکرد بەڵام هیچی لەوانە نەبوو جێ نەگرێ ••• ! جاران هەر کەسێ جگەرو فاتەڕەشەی بویستایـە

(١)

James Cochrane : The Penguin Book of American Short Stories 1969. p.p. 282 - 294. ( Andrson : Death in the Woods ) .

گۆشتفرۆشەکان بە خۆڕایی دەیاندایە ، بەڕاستی شتی وا لە ماڵـــی ئێمەش نەدەبڕا . جارێکیان برایەکم جەرگ و ناوێکی لە قەسابخانەی نزیك بازاڕەوەرزی‌یەکەی شار هێنایەوە ماڵێ ، هێندەمان لێ خوارد هەموو پێی کەوتین ، لە هەینیەوە من جەرگ و ناوم لەبەر چاو کەوت . گەربە پەنجاییەکیش بایە پێم گران بوو .

پیرەژنە بەساڵاچووەکە هەندێ جگەرو پێچك و کرکراگەی کڕی . پیرەژن سەردانی کەسی نەدەکرد ، کە کەلوپەلو شتومەکی خـۆی دەکڕی ، یەك ڕکێب دەگەڕایـەوە کونجەکـەی خـۆی . ئـەم جۆرە گوزەرانە باری ژیانی ژنەی زۆر گـران کـرد بـوو . کـەس نـەبوو یارمەتی‌یەکی بدا . ئەو هەموو خەڵکە بەڕێدا دەڕۆیشت قەت یەکـێ سەرنجێکی لەو پیرەژنە پەرپووت و بێچارەیە نەدەدا ...

ئافرەتێکی وا بوو ، لێی ببوە خوو دەبوایە هەموو ڕۆژێ سەرێك لە شار بدا . هاوینان و پاییزان بە بەرەماڵاندا تێدەپەڕی ئەو کاتە مـــن تازە هەڵدەهاتم بەڵام نەخۆشی باداری بێ‌سەرو بەری کردبووم .

ڕۆژێکیان پیرەژنەکە بە لارەلار بارکۆڵەی بە پشتی دادابوو ، لە درەنگە وەختێك بەرەو مـاڵ دەگەڕایـەوە . دووسێ سەگی لەڕ بـە هانکەهانك کەوتبوونە دووی . پیرەژن وە نەبێ پێش چاوو دیار بـێ ، بگرە یەکێ بوو لەو بێ‌ناوانەی کە کەم کەس دەیناسێن . بەڵام ئێستا وا بیرم کەوتەوە ، دوای ئەو هەموو ساڵەی بەسەر مردنی‌دا تێپەڕیوە ، بیرم کەوتەوە کە چ بوو و چ قەوما ... چیرۆکێکی درێژە ...

ئەم ئافرەتە ناوی ( گریمز ) بوو . خۆی و مێردی و کوڕی تاقانەی چوارمیل لە دووری شار لە خانوویەکی هەڵنەسووراودا بوون کەوتبووە سەر جۆگایەك . مێردەکەی و کوڕەکـەی زۆر ڕەقـەکارو بـێ مرووەت

بوون • هەرچەندە کورەکەی تەمەنی لە بیستو یەك ساڵ زیاتر نەبوو
بەڵام ماوەیەك لە گرتیخانەیەك گیرا بوو •

ڕۆژێ لەو ناوچەیە بوو بە دەنگوهەراو چ بوو ، چ بوو ...
گوایە مێردی ژنە ئەسپێکی ڕاندووەو بۆ شوێنێکی دوور هەڵاتووە •
چاوەڕێ بوون ئێستا ناو دەمێکی تر ... کە وولاغەکان هیچ سەرهەدیکیان
نەبوو پیاوەکەش بووە بەردی بن گۆم • لەوساوە کەس پیاوەکەی
نەدەدی •

جارێکیان وا ڕێکەوت من لە تەویلەی ( تۆم وایتهێد ) بووم ،
کابرا لێمان وەژوور کەوتو لەسەر سەکۆکە دانیشت دوو سێ کەسی
تریش لەوێ بوون بەڵام کەس نەیئاخاوت • دوای ئەوەی نەختێ دانیشت
هەستاو ڕۆیشت • کە دوور کەوتەوە ئاوڕێکی دایەوەو بە توندی
تەماشایەکی زەلامەکانی کردو لێیان مووڕ بووەوە • خوێنی لە چاوی
دەباری • لە چاوەکانی تێگەیشتم کە لە دڵەوە کەوتۆتە گەفو دەڵێ :
« من دەمەویست لەگەڵتان باش بم و بمە هاوڕێتان ، باشە بۆ نامدوێنن ..
لێرە خراپترن .. ئەگەر ڕۆژێ ئەسپێکی جوانتان ون ببێ ، هەینێ چ
دەکەن ؟ شەیتان دەڵێ بیاندە بەر مستان ، هەموو چەنەکەیان بشکێنە ...»
لەبیرمە کە سەیری چاوەکانیم دەکرد چۆن لە ترسان لەرزم هاتبوێ ..!

ئەم پیرەمێردە لە بنەماڵەیەك وەپاش کەوتبوو کە وەختی خۆی هەبووە
بوون ... ناوی جاك « گریمز » بوو • ( جۆن گریمز )ی باوکی
کارگەیەکی داربڕینەوەی هەبوو • ئەو کاتیش ناوچەکە تازە بوو پڕ
دارو دارستان بوو • پارەیەکی باشی بۆ خۆی پێکەوە نا بوو بەڵام
پاشان کەوتبوە دوای ڕابواردنو خواردنەوە • ئیدی کە مرد هیچی لە
پاش بەجێ نەما •

جاکی کوڕی هاتە سەر هەوارێکی خاڵی • ناوچەکەش ئەوەندە داروباری نەمابوو سوودی لێوەربگیرێ ئەو زەوییەی هەشیان بوو هەر بە نەبوو دادەندرا• جاك ئەو کچەی کە هێنای لە ماڵی (گێرمان)ی وەرزێر بوو؛ ئەوە بوو ڕۆژێکی مانگی جۆزەردان بۆ دروێنە چووە ماڵیان• کچەکە زۆر گەنجو جوان بوو بەڵام چەندی بڵێی بێحدوور بوو ••• کچەکەو وەرزێرەکە شتێکیان لە بەین هەبوو••• کچەکە زۆر بەستەزمانو دەستبەسراوە بوو ، خێزانی وەرزێرەکەش دڵی لێپیس کرد بوو••• بۆیە کە کابرا لە ماڵ نەبوایە کچەی لە خاشە دەکێشاو هەموو خەفەتی دڵی بێهەڵدەڕشت ، کە ژنەکەش بۆ کەلو پەل کڕین بچووبایە شار کابرا لێی بەخۆ دەکەوتو لە دەورەی دەهاتو دەچوو • کچە ئەم هەموو شتانەی بۆ جاك گێڕایەوەو گوتی بەڵام تا ئێستا هیچ شتی گەورە ڕووی نەداوە ••• بەڵام ئەو نەیدەزانی بڕوای پێبکا یان نا ؟ کوڕەکە دڵی لە کچە سەند بەڵام لە سەرەتاوە زۆر ئالوودەی نەبوو ، ئەگەر ( گێرمان ) پێی نەگوتبا لە کوێ دەیگاتێ هەر نەشی دەهێنا • شەوێکیان کە کوڕەکە خەریکی گێرەکردن بوو کچەکەی دەستگیر بوو ، پێکەوە سواری گالیسکە بوونو هاژوایان ، شەوی یەك شەممەی ئایندەش پێك گەیشتن ••• کچە پلانێکی دانایەوە بۆ ئەوەی بە جۆرێ لە ماڵ بێتە دەرەوە کە خودان ماڵ نەیبینێ ، بەڵام کە خۆی کوتا ناو گالیسکەکە هەستیان پێکرد • شەوەکە زۆر تاریك بوو بەڵام خاوەن ماڵەکە کتوپڕ هەڵیکوتایە سەر ئەسپەکەو سەروگوێلاکی داپلۆسیو لغاوی گرت ، (جاك)یش قامچی دەرهێنا • هەموو دەرکەوتبوون ، (گێرمان) مرۆیەکی ڕەقەکارو بێباك بوو ، گوێی لەوە نەبوو ئایا خێزانەکەی هوشیار بۆتەوە یان نا ؟ (جاك) هەموو شانو شەپیلكو دەموچاوی دا بەر قامچیان ، بەڵام ئەسپەکە دەستی بە پڕمەپڕم کردو بازی هاویشتو دەرپەڕی

هەردووکیان بۆ وولاغەکە چوون بەلام کچەکە نەیدیبوو ، پێش ئەوەی کچەکە بیگرێتەوە میلێك دوورکەوتبووەوە ، جا کاتێ کچەکە کەوتە مشووری ئەوەی ئەسپەکە ببات لەلایەکی ڕێگاکە لە بنەدارێکی بەستێتەوە ... « سەرم لە خۆم سوڕماوە چۆن ئەو هەموو شتەم وەبیر دێتەوە ...» کە (جاك) هەموو شتێکی لەگەڵ (گێرمان) بڕیەوە هەر لەو شوێنەدا کچەکەی دۆزی‌یەوە لەسەر کورسی گالیسکەکە خۆی کورز کرد بۆوە ، هاوارهاواری بوو ، زراوی ڕژا بوو ، دەترسا نەوەك بمرێ . کە پێك گەیشتنەوە کچەکە گەلێ سەربهوردەی خۆی بۆ جاك گێڕایەوە ، بۆی باس کرد چۆن (گێرمان) ویستی خۆی بگەیەنێتێ ، چۆن جارێکیان کە دەچووە کادین بە دووی‌دا چوو ، چۆن جارێکی‌تر بە تەنێ لە ماڵێ بوو کراسی بەری شیتاڵ شیتاڵ کردو سینگ‌و بەرۆکی بە ڕووتی هێشتەوە ... گێرمان ئەگەر گوێی لە دەنگی خێزانی خۆی نەبوایە کەبە ئیش چوو بووە بازاڕو لەو کاتەدا لەقەنتەرەی حەوشە هاتە ژوورەوە لەوانە بوو ئازاری دابایەو کاری خراپیشی لەگەڵ کردایە .. لەوەش باشتر ئەوە بوو دەبوایە ژنەکەی وولاغەکەی بباتە ناو کادین‌و لەوێ بیبەستێتەوە ... جا (گێرمان) بێ ئەوەی ژنەکەی بیبینێ بەدزی چووە دەرەوەو بەرەو کێڵگە کووزەکەی کردو هەلات گەفیشی لە کچەکە کرد ئەگەر ئەمە بدرکێنێ سەری ببڕێ ...! ئیدی کچە ناچار بوو دەست بە درۆیان بکات‌و بڵێ کە مەرم ئالیك دەدا لە هۆلی مەڕی کراسەکەم دڕا .

بە بیرم دێ کچەکە کارەکەر بوو ، نەیدەزانی دایك‌و باوکی لە کوێن ؟ لەوانەیە باوکی هەر نەبووبێ ، خۆ دەزانی دەڵێم چی ؟ منداڵی وا بێ کەس‌و بێ‌دەرەتان هەمیشە مامەڵەی توندیان لەگەڵ کراوە . منداڵی

بێ‌دایك‌و باوك بەندە بوون • ئەو کاتە هەتیوخانە زۆر کەم بوو ، بۆیە زۆربەیان لە ماڵان ئیشیان دەکردو پاساش ڕێی دابوون • بەڵام دەرچوونو ڕزگار بوون لەو ماڵانە بەختو نیوچەوان بوو •

## — ٢ —

کچەکە شووی بە جاك کرد ، کوڕێك‌و کچێکیان بوو ، بەڵام کچەکە زۆر تەمەندرێژ نەبوو • ئیتر دوای شووکردنی پیشەی ئازەل ئالیك‌دان بوو ، لە ماڵی ئاغای پێشووی چێشتی بۆ گێرمانو خێزانەکەی لێ‌دەنا کە ژنێکی ملەوەزی زگەستوور بوو و ڕۆژ تا ئێوارە لە ناو کێلگەدا ، لەگەڵ مێردەکەی ئیشی دەکرد ••• چێشتی بۆ لێ‌دەنان ، چێڵ‌و بەرازو ئەسپی ئاو دەدا ، بەرەوورەکانی دان دەدا • بەم جۆرە ئەم ئافرەتە ڕۆژ تا ئێوارێ وەك کچێکی چواردە ساڵی هەر خەریك بوو خواردن بە شتان بدا • کە شووی بە جاك گریمز کرد دەبوایە خواردن بەویش بدا • خۆی ڕەقەڵە بوو ، سێ چوار ساڵ دوای مێردکردنی ، پاش ئەوەی دوو منداڵەکەشی بوو تەواو پێکدا قۆپاوە ، شان‌وباڵی وەك کەوان وێك‌هاتنەوە • جاك ماڵی لە تەك کارگەی داربڕینی دەم جۆگاکە بوو • سەگی زل‌و زەبەللاحی بۆ پاسەوانی ماڵێ ڕادەگرت ، جامبازی دەکرد، کە دزی نەکردایە زۆر کەسی هەژارو پەرپووتی لێ‌خڕ دەبووەوە• سێ چوار بەرازو مانگای ڕاگرتبوو لە زەوی میراتی باوکی دەیلەوەڕاندن •

ڕۆژگار هات‌و ڕۆیشت ، جاك وەبن قەردان کەوت • ئەو پارەی قەردی دەکرد یان بەسەری دەهێنا نەیدەدایەوە ؛ بۆیە خەڵکەکە بڕوایان

پێ نەدەکرد و قەردیان نەدەدایە بەڵام زۆریشی لێ دەترسان نەوەك شەوێ دەغڵ ودانیان بدزێ یان زەبرێکیان لێ بدا . بۆیە ئەگەر بیویستایە کارێك بکا دەبا زۆر دوور بچێ و ئەمەش زۆر گران لەسەری دەوەستا . زستانان خەریکی ڕاووشکار بوو، داری قەڵاشکەریشی دەبردە شارو دەیفرۆشت . کوڕەکەی کتومت بە خۆی دەچوو ، کە پێڕا گەیشت پێکەوە دادەنیشتن و دەیانخواردەوە، کە دەچوونەوە ماڵەوە ئەگەر خواردن نەبوایە خێزانەکەی تەنگاو دەکرد کە مریشکێکیان بۆ سەر ببڕێ . جا کە هەموو مریشکەکانیان خوارد ژنەکە هیچ هێلکەی نەما بیباتە بازاڕو بیفرۆشێتەوە ، جا ئەم ژنە بەستەزمانە چ بکا ؟ هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بوو گیانداریکی دەست بکەوێ خواردنی بداتێ . بەرازەکانی تێر دەکرد تا لە قەڵەویان دەهەنگڕان ، سەریان دەبڕین و مێردەکەی گۆشتەکەی دەبردە شارو دەیفرۆشتەوە ، ئەگەر خۆیشی پێی نەکرایە کوڕەکەی دەیبرد . هەندێ جار باب و کوڕ پێك هەڵدەشاخان و لەو کاتەدا پیرەژنی خۆڵ بەسەر دەکشایەوەو وەك بێ ناو ئاو دەلەرزی . ئەم ئافرەتە زۆر کڕو بێدەنگ بوو . هێشتا نەبوبوە چل ساڵی پیری لێوەدەرکەوت . کە کوڕو باب یەکدیگر دەبوون و وڵاغیان دەکڕی و دەفرۆشتەوە ، یان دەیانخواردەوە یان دەچوونە ڕاو یان دزیان دەکرد ، ژنەکە لە دەرەوەی ماڵ چەرخەی دەداو لە چۆلەوانییەکەی نزیك عەمباری گەنم بیری دەکردەوەو لەبەر خۆیەوە گلەو گازاندەی دەکرد ... چۆن شتێکی دەست بکەوێ خواردنی بداتێ ...؟ ئەوە تەنگ و چەڵەمەی گەورەی بوو . سەگ نانیان دەوێ ، کاش هێندە لە کادین نەماوە بەشی مانگاو وڵاغەکان بکا ، مریشك دانیان نەبێ هێلکە ناکەن . هێلکەفرۆشی نەکا شتومەکی چۆن پێ دەکڕێ ، بۆ ئەوەی گوزەرانی ناو کێڵگەی پێ بکەن ... سوپاس بۆ خوا کە بە شێوەیەکی تایبەتی خواردنی نەدەدا مێردەکەی . ماوەیەکی

زۆر بەسەر ژن و مێردانی و منداڵبوونیان ڕەت نەبوو بوو کابرا بێپرسی ژنەکەی ماڵی بەجێ هێشت و چووە گەشتێکی دوور . کابرا هەندێ جار دەچوە سەفەرو دەگەڕایەوەو چەند هەفتەیەك دەمایەوە ، کە کوڕەکەیشی هەراش بوو هەردووکیان پێکەوە سەریان هەلگرت و بە دونیا کەوتن ، هەموو شتێکیان بەسەر ئافرەتەکەدا بەجێهێشت و خستیانە بن بارێکی خەمان . پارەی نەبوو ، کەسی نەدەناسی ، لەشار کەس نەیداخاوت . زستانان چیلکەی بۆ ئاگر کردنەوە خڕ دەکردەوە ، هەوڵی دەدا هەندێ ئالیك بۆ ماڵاتەکەی دا بکات و نەختێ دانەوێلە دابنێ . ماڵاتی ناو هۆڵ لە برسان باعەباعیان بوو . کسۆکەکان ڕەدووی دەکەوتن بۆ نان . مامرەکان خۆیان لە کوژی کادین کورژ دەکردو هێلکەیان دەکرد ، ئەویش زۆر چاوی لێبوون چونکە ئەگەر زوو هێلکەکانی نەدۆزیبایەوە بەو سەرمایە دەیانبەست و دەشکان .

ڕۆژێکی تووشی زستان پیرەژن هەندێ هێلکەی بردو رووی کردە شار ، سەگەکان قەتارەیان لە دوای بەست . بەلام زوو بەخۆ نەکەوتبوو ، کە بەڕێ کەوت سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو ، بەفرێکی ئەستوور کەوتبوو ، خۆیشی تەندروستی باش نەبوو ، نیمچە تایەکی لێبوو ، بۆیە بە درێژایی ڕێ هەر دەلەرزی . جل وبەرگی کەم لەبەر بوو . شان وپیلی چەما بووەوە ، هێلکەکانی خستبوە ناو هەگبەو بە کووڕە کووڕ دەڕۆیشت . هێلکەیەکی زۆری پێنەبوو بەلام دەیزانی هێلکە زستانان گرانە . کە گەیشتە بازاڕ دەستی بە مامەڵە کرد . دەچوە هەر دوکانێك سەگەکان لەبەر دەرگا وەردەکەوتن . چی پێدەویست هەمووی کڕی . پاشان چووە لای گۆشتفرۆش و ئەویش هەندێ جگەری دایە لەگەڵ هەندێ هوردك و پورتکە گۆشت و ئێسقان بۆ سەگەکانی .

ئەم جارە هەر کەس دەیگەیشتێ بە نەرمی دەیدواند ، لەمێژ بوو شتی وای لێنەدی بوون . کە چووە دوکانی گۆشت فرۆشەکە ، گۆشتفرۆش بە تەنێ لە دوکانێ بوو کە چاوی بە پیرەژن کەوت سەرسام بوو ! چونکە پێی ناخۆش بوو ئافرەتێکی وا بێهێزو توانا بچێتە ژوورێکی وا سارد . ڕۆژەکەی زۆر سارد بوو . پاش نیوەڕۆ نەختێ بەفری لێ گرتەوە بەڵام زۆری پێنەچوو دەستی پێ کردەوە ، گۆشتفرۆشەکە سەرکۆنەی مێردو کوڕی ژنەی کردو جوێنیشی پێدان . پیرەژنیش هەر سەیری دەکردو بەزەیی‌و سەرسامی لە چاوان دا بوو . باسی کردن‌و گوتی کە دەهاتن جگەریان دەبرد یان ڕانو پارچە گۆشتی سەرقەنارەیان دەکڕی ، لەناو هەگبەیان دەنا ... ئەوەی بیدیبان دەیزانی برسین ...

برسین ... ئێە ؟ باشە ، هەموو شت خواردنی دەوێ . . وولاغی بێ کەلکیش سەودایان پێدەکرێ . مانگای لەڕولاواز کە سێ مانگە چوڕە شیرێکی نەداوە .. ئەسپەکان ، مانگاکان ، بەرازەکان ، سەگەکان ، زەلامەکان ...

## - ٣ -

پیرەژن ویستی پێش تاریکایی بگەڕێتەوە ماڵێ . سەگەکان بەدووی کەوتبوون ، ئەویش بارکۆڵەی بە پشتی دادابوو ، هانکە هانکی بوو . کە گەیشتە بەرگەی شار ، لەکن شوورەکە ڕاوەستاو پارچە پەتێکی لە گیرفانی دەرهێناو بارکۆڵەی پشتی توند پێ گرێدا . هەردوو دەستی ژانی دەکرد ، بەرینەوەی شوورەکە زۆر سەخڵەت بوو ، جارێ لەسەر ڕا

کەوتە خوارەوەو لەبەفر ختم بوو ، سەگەکان جلیتانەیان لە دەورەی
دەکردو بە زەحمەت جێ پێی دەدۆزیەوە بەڵام لێی گوم نەدەبوو •
ڕێگاکەی سەرشوورەکە کورتتر بوو چونکە قەدبڕ بەسەر گردەکەدا
دەڕۆیشت و دادەکشایە ناو دارستانەکە • خۆ دەیتوانی بە ڕێگای دەوری
شوورەکەدا بسووڕێتەوە بەڵام میلێك دوورتر بوو ، لەو ڕێیە دەترسا ؛
بۆیە قەت پێی دا نەدەچوو ••• ژنە لەو کاتەش بیری هەر لای ماڵەوە
بوو • ئاژەڵ ئالیکیان دەوێ ، جگە لە هەندێ کاو دانەویلە ماڵ چی تێدا
نی یە • بۆی هەیە مێردی و کوڕی بێنەوەو چەند کەسێکیشیان لەگەڵدا
بێ ••• بە گالیسکەکەی لەمەڕ ماڵی ( گریمز ) دەهاتنەوە ••• شتی
قەڵیە ، وولاغی گێرووێڕ گالیسکەکە ڕادەکێشن و دوو ئەسپی لەڕ جەلە
دەکرێن و لەگەڵیان دێنەوە • ئیش و کاریان جامبازی و ئەسپ فرۆتن بوو •
ڕەنگە هەندێ پارەیان دەست بکەوێ و لەوانەیشە بە سەر خۆشی
بگەڕێنەوە بەڵام ئەگەر خواردنێکیان لە ماڵەوە دەست بکەوێ دڵخۆش
دەبن •

کوڕەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی شارستانی کە خەڵکی پارێزگاکەیان بووو
نزیکەی یازدە میل لەوانەوە دوور بوو ، یەکتریان خۆش دەویست • تا
بڵێی ئافرەتێکی جینگزو ڕەقەکار بوو • جارێك ، هاوین بوو کوڕەکە
کچەی بردەوە ماڵی خۆیان ، هەردوو پێکەوە دانیشتن و کەوتنە
خواردنەوە • جاك گریمز لە ماڵێ نەبوو ، کوڕەو کچە ئەمریان لەسەر
پیرەژن دەکردو ئیشیان پێ دەکرد • پیرەژن بەم شتانە تێك نەدەچوو چونکە
لەم شتانە ڕاهاتبوو ، بۆیە هەرچی بقەومابایە خۆی لە گوورە نەدەبرد •
بە درێژایی ژیانی ڕەفتاری هەر وا بوو ، کە هێشتا لە ماڵی گێرمان عازەب
بووو کە مێردیشی بە جاك کرد هەروا بوو • ئەو شەوەی کوڕە کچەی

بردەوە ماڵێ تا سبەینێ چاویان نەچووە خەو ، وا تێك ئالاًبوون دەتگوت مارەبڕی یەکترن بەڵام پیرەژن زۆر پێشێلو نەبوو چونکە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە شتی وای دی بوو •

بەخۆو بە هەگبەی سەرپشتیو لەشی پڕ ئازاریەوە بە ناو زەوی‌یەکەدا دەڕۆیشتو بە ئەسپایی هەنگاوی لەسەر بەفرەئەستوورەکە دەهاویشت تا گەیشتە ناو دارستان ، بەزەحمەت لەناو دارستانەکەدا ڕێی دەکرد • ڕێگاکە کەوتبوە بنار گردەکەو بەناو لای هەرە چڕو پڕی دارستانەکەدا دەڕۆیشت • لەم شوێنەدا تاقلاًنێکی کەوتەبەرچاو لە دارو دەوەن ڕووت کرابوەوە ، لەوانەیە یەکێ بە تەما بێ خانوویەکی لەسەر بکا •• ڕووبەری بەقەد ئەو پارچە عەردانە بوو کە لە شار خانووی لەسەر دروست دەکەن ، بابی خانوویەكو باخچەیەکی دەکرد • ڕێگاکە دەچووەوە تەنیشت ئەم پارچە زەوی‌یە • پیرەژن کە چاوی بەم شوێنە کەوت یەکسەر لای‌داو لە ژێر دارێك دانیشت نەختێ بحەسێتەوە ••• بێ‌گومان خۆش بوو کە دانیشتو بارکۆڵەکەی لە بەرانبەرەخۆی دانا بەڵام ئەدی دوبارە خۆرێك‌خستنو کەوتنەڕێ چۆن‌دەبێ ؟! ئەم کەلکەلەیە نەختێ شلەژاندی بەڵام پاشان چاوی لێك‌ناو خەوت ، دەبوو سەر خەوێك بشکێنێ لە شوێنی وا سارد کەس نابینیەوە لە تۆ زیاتری سەرما بێ ••• ئێوارە ساردی کرد، هەندی بەفری تر باری ، پاشان هەڵی‌برینگاندو مانگ لە ئاسمان دەرکەوت • سەگەکانیش کە لە دوو ( خاتوو گریمز ) شریتەیان کرد بوو بۆ شار ، هەر چواریان لەوێ بوون • سەگی لاواز بوون • پیاوی وەك جاك گریمزو کوڕەکەی سەگی وایان ڕادەگرت ؛ هەر چەندە لێ‌یان دەدانو ئازاریان دەدان نەدەڕۆیشتن • سەگەکان لە برسان لەسەر پارچە زەوی‌یەکە دەگەڕانو دەسووڕان شتێ بدۆزنەوە بیخۆن • پیرەژنیش

لەلایەکەوە پشتی دابووە داریٚكو خەوتبوو • لەناو دارستانەکە ڕاوە کەرویٚشك بوو ، سیٚ سەگی جوتیارانیش لە کیٚلگەی نزیك ناویاوانەکە بەگەڵیان کەوتن • زۆری نەبرد هەموو سەگەکان گەڕانەوە ناو پارچە زەوی یەکە ، مرەمریان بوو لەسەر شتیٚ شەوی وا سارو سڕو ساماڵو مانگەشەو هەڵبەت سەگ بیٚ نیٚچیر نابن ، هەر بۆیەش مرەمڕیان بوو ، بۆیشی هەیە لەبەر ئەوەی لەبەرەبابی گورگن غەریزەی کۆنیان زیندوو بوویٚتەوە ، چونکە بەو شەوە تووشەی زستان بە ڕەوە لە دارستانەکەدا دەسووڕانەوە •

سەگەکان لەناو پارچە زەوی یەکەو لە کن پیرەژنەکە دووسیٚ کەرویٚشکیان گرتو کردیاننە بەر قەرەوو • ئینجا کەوتنە یاری و ڕاونانی یەکتر ، سەریان لەبن کلکی یەك نابوو • لەناو ئەم زەوی یە کشوماتە ، لە ژیٚر ئەم دارانەی چلوورەیان پیٚدا شۆڕ بووەوە ، لە ژیٚر تریفەی مانگەشەوی زستان ، دیمەنیٚکی سەیریان دروست کرد بوو • بە کڕی دەکەوتنە دوو یەكو بەفریان گیٚرە دەکرد ••• نەشدەوەڕین • ڕەنگە پیرەژن پیٚش ئەوەی بمریٚ ڕەفتاری سەگەکانی دیبیٚ ، دوور نیە دووجار هۆشی هاتبیٚتەوە سەرو ئەم دیمەنەی کەوتبیٚتە بەر چاوی لیٚڕوویٚری • ئەم ژنە تەمەنیٚکی زۆری بردبوە سەر ، لەوانەیە ئیٚستا خەونی بە ڕابردووی خۆیەوە دیبیٚ کە لە ماڵی ( گیٚرمان ) بوو ، هیٚشتا کچ بوو ، مناڵ بوو ، یان ئەو کاتەی دایکی سەری هەڵگرتو بە تەنیٚ جیٚی هیٚشت • هەڵبەت خەونەکانی گەلیٚك خۆش نەبوون ؛ خۆی خۆشی لە ژیانیدا نەدی بوو • دەم نادەم سەگیٚك لەناو ڕیزی سەگەکان دەهاتە دەرەوەو دەچوو لەبەر دەمی ڕادەوەستا ، زمانی سووری دەردەهیٚناو سەری خۆی لە سەری نزیك دەکردەوە • لەوانەیە غارغاریٚنی سەگەکان شین و شەپۆر نەبوو بیٚ ؛ بۆی

هەیە غەریزەیەکی سەرەتایی گورگ بێ و لەو شەوەدا لەو سەگانە دەرکەوتبێتەوە ؛ چونکە هەموو هەڵدەپەڕین و جلیتانێیان دەکرد • هەڵبەت دیمەنەکەیان ترسناك بوو ، ئەوەی بیدیبا زراوی دەچڕا • « ئێستا ئێمە گورگ نین ، ئێمە خزمەتی مرۆڤ دەکەین ، پاسی دەکەین ، بەڵام کە مرۆڤێك دەمرێ دەبینەوە گورگ •• » • سەگێك چووە لای ئەو دارەی پیرەژنەکەی لە بن بوو ، لمووزی لە دەموچاوی نزیك خستەوە ، بۆنی کرد ، پاشان چووەوە ناو ڕەوەو کەوتەوە غاردان • ئەم ئێوارەیە پێش ئەوەی پیرەژن بمرێ ، هەموو سەگەکانی (گریمز) یەك یەك وایان کرد•

هەموو شتێکم لەبارەی ئەو ئافرەتەوە زانی ، کە گەورە بووم و بوومە پیاو هەموو شتێکی لێ تێ گەیشتم ؛ چونکە جارێکیان لە ناو دارستانی ( ئیلینۆیز ) زستان بوو ڕەوە سەگێکم بەرچاو کەوت وایان دەکرد ، سەگەکان چاوەڕێی مردنی من بوون ، هەروەك چۆن کە من منداڵ بووم ، ئەم شەوە ساردە چاوەڕێی مردنی پیرەژنیان کرد بوو • بەڵام کە من وام بەسەرهات گەنج بووم و مردنم هەر بە خەیاڵیش دانەدەهات •

پیرەژن بەبێ ئازار مرد • کە مرد سەگێ چوە سەری ، کە دیتی مردووە سەگەکانی تریش لە جلیتانێ وەستان ، چوون لە دەوری کۆبوونەوە • ئێستا وا مرد • پێش مەرگی نانی دەدا سەگەکانی (گریمز)، ئەی ئێستا ؟! هەگبەکەی هەندێ گۆشت بەرازو جەرگ و هورتکە گۆشت و ئێسقانی بۆ سەگەکان تێدا بوو • دیارە گۆشتفرۆشی بازاڕ سکی بێسووتاوەو زۆری بۆ ئاخنیوەتە ناو هەگبە ، هەڵبەت دەسکەوتێکی باش بوو بۆ پیرەژن بەڵام ئێستا وا بوو بە دەستکەوتی سەگەکان •

لەناو سەگەکانی ( گریمز ) یەکێکیان دەرپەڕیو چوو هەگبەی پیرەژنی لێك کردەوە ... سەگەکان بە رەفتار بەڕاستی بوونەوە گورگ. یەکێ بوو بە ڕابەرو چی دەکرد ئەوانیش وایان دەکرد . هەموو کەڵیان لەو پەتە گیر کرد بوو کە پیرەژن هەگبەکەی پێ لە پشتی خۆی بەستبوو لاشەی پیرەژنیان لەناو پارچە زەوی یەکە بردە دەرەوە . دوای یەك دوو ڕۆژ کە دۆزرایەوە کراسی شری کە لە زووەوە ونجرونجر بوو تا سەر زگی هەڵزڕا بوو بەڵام سەگەکان هیچیان لێ نەکرد بوو ، تەنیا گۆشتی ناو هەگبەکەیان خوارد بوو ، ئەوەندەیان بەس بوو . کە تەرمەکەیان دۆزی یەوە ببوە یەك پارچە بەفر ، هەردوو لاشانی وێك هاتبووەوە ، بەڵام هێشتا ئەوەندە ڕێك وپێك بوو دەتگوت کچە عازەبە .

ئەم سەربهوردەیە لە شارێکی خۆراوای ناوەڕاست ، لە کێڵگەیەکی نزیك شارێ ، قەوما . ئەو کاتە من پارچەڵە بووم . ڕاوکەرێ چو بوە ڕاوە کەروێشك تەرمی پیرەژنی دۆزیبووەوە بەڵام بە تەنێ خۆی تێنەگەیاند بوو . بۆ ؟ هۆی خۆی هەبوو . ئەو ڕێگایەی بەهەر چوار دەوری پارچە زەوی یەکەدا دەسووڕایەوە بەفرێکی تەنکی لەسەر بوو ، شوێنە کە کش و مات بوو ، ئەو شوێنەی سەگەکان تەرمەکەیان لێ ڕووت کردبووەوەو هەوڵیاندا بوو هەگبەکەی لێ بکەنەوەو بیدڕینن . ڕاوچی یەکە لەم دیمەنانە حەپەسا ، بۆیە بە پرتاوی تێی تەقاندو بەرەو شار گەڕایەوە .

برام کە ڕۆژنامەفرۆشی شار بوو ، ڕۆژنامەکانی پاش نیوەڕۆی لە کۆگا وەرگرتبوو ، بەرەبەری ئێوارە بوو ، هەردووکمان لەسەر شەقامی

گەورە ڕاوەستابووین کە ، ڕاوچییەکە بەوێ داهات ، چوە لای سەوزەفرۆشێك و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە ، پاشان چووە لای خوردە فرۆش و ئازەخانەو ••• ئیدی بووە هەیهاو • ما خەڵك لەسەر شۆستەکان کۆبنەوە • کە قەرەباڵغییەکی زۆر پەیدا بوو بەرەو دارستانەکە ملی ڕێیان گرت • دەبوو برام بچێ ڕۆژمانەکان دابەش بکات بەڵام نەچوو ، ئەویش بەگەڵ خەڵك کەوت • هەموو چوونە دارستانەکە • مردووشۆر، سەرەك شارەوانی ، پەیتوون سوار ••• بەڵام وولاغەکان ناڵ نەکرابوون بۆیە لەسەر بەفری ڕێگاکە خلیسکیان دەبردو نەیاندەتوانی خۆش بڕۆن، ئەوانیش لە ئێمە زووتر نەگەیشتن کە پیادە بووین • سەرۆکی شارەوانی زەلامێکی گەورەی چوارشانە بوو • لە شەڕی ناوخۆدا قاچێکی بریندار کرا بوو ، شەل بوو بوو ، ئێستا گۆپاڵێکی بەدەست بوو بە شەلەشەل لە بەرایی هەموویان دەڕۆیشت • من و برام چووینە دوو شوێن پێی ئەو زۆر کەسیش لە دوو ئێمە ڕێچکەیان بەستبوو • کە گەیشتینە شوێنی لادانی پیرەژنەکە دونیا تاریك داهات ، مانگ وردە وردە دەرکەوت • سەرۆکی شارەوانی گوتی دەبێ لەم ناوە مرد بێ ، زۆر پرسیاری لە ڕاوکەرەکە کرد • ڕاوکەرەکە تفەنگێکی لە شانی بوو ، سەگێکی لە دوو بوو ، خێرا هەنگاوی دەناو دەڕۆیشت • قەت نەبوە ڕاوچی کەرویشکان بەختی بێ و لەناو خەڵك بناسرێ بەڵام ئەم ڕاوکەرە بەم مەسەلە ڕووەتێکی باشی پەیدا کرد • « نەمدی هیچ شوێنی بریندار بێ ، کچە عازەبانێکی نازدار بوو ، ڕوومەتی لە بەفر چەقی بوو •• نەمناسی • » •

ڕاستی ، ڕاوکەرەکە لە نزیکەوە تەماشای تەرمەکەی نەکرد بوو نەوێرا بوو لێی نزیك بکەوێتەوە • « لەوانەیە ژنە کوژرا بێ ، لەوانەیە

هەندێ کەس خۆیان لەپەنا داران مات کردبێ . » ڕاوکەرەکە ترسا بوو ئەوەك ئەویش بکوژن . لەناو دارستانێکی وا چۆل و ئێوارەیەکی وا درەنگ کە دار هەموو ڕووت و بێ گەلابوونو زەوی یەك تەختە بەفر بوو ، دونیا کپ و بێدەنگ بوو ، بێ گومان پیاو زۆر شتی بە خەیاڵدا دێ و ترسی لێ دەنیشێ . هەر کەسێ بایە وا دەبوو . ئێوەش ئەگەر شتێکی وا سەیرو نابەجێتان بکەوێتە بەر چاو بۆی دەردەچن .

هەرەبالغی یەکە ، پیاو و گەنجەکان، گەیشتنە ئەو شوێنەی پیرەژنی لێ بەریبووەوە . کەوتبوونە دوای سەرۆکی شارەوانیو ڕاوکەرەکە ، هەورازو نشێو کەوتبوونە ناو دارستانەکە . منو برام هیچ قسەمان نەدەکرد . برام دەستەڕۆژنامەیەکی خستبوە ناو جانتاو لە ملی کرد بوو . کە گەڕایەوە پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵێ و شێو بخوا ، چوو ڕۆژنامەکانی دابەش کرد . « ئەگەر دوور بڕۆین ، وەك بڕیارمان داوە ، تاخیر دەبین . دەبێ دایك و خوشکی گەورەمان شێومان بۆ گەرم بکەنەوە ، چا بوو هەنجەتێکمان بەدەست بوو . زۆر جار میردمنداڵی وەك ئێمە هیریان نابێ ... باش ڕێکەوت ، خواوڕاستان چووینە دوکانی سەوزەفرۆشەکە کە ڕاوکەرەکەمان لێ وەژوور کەوت ، کابرا خەڵکی گوندان بوو و کەسمان پێشتر نەیدی بوو . » .

کۆمەڵی کوڕگەل چووە ناو زەوی یە ڕووتانەکە ، زستان بوو ، زوو تاریك داهات ، بەلام تریفەی مانگ هەموو شتێکی ڕوناك کردبۆوە . منو برام لە نزیك ئەو دارەی پیرەژنەکەی لەبن مرد بوو دانیشتین .

تەرمی بە تەرمی پیران نەدەچوو ، لەبەر تریفەی مانگ ڕاکشابوو، هەموو گیانی بەستابووی ، زەلامێ تەرمەکەی لەسەر بەفر وەرگێڕا . کە

چاوم بێ کەوت گیانم لەرزی ، هەستێکی سەیرو ترسناکم لێ پەیدا بوو ، برایشم وای لێ هات ، لەوانەیە لەسەرمان وامان لێ هابێ • شتاقەمان پێشتر لەشی ئافرەتمان بەڕووتی نەدی بوو • لەوانەیە لەبەر بەستنی بەفرەکە وا سپیو قشتیلانە بێ دەنگوت مەڕمەڕە • کە لەشار هاتین هیچ ئافرەتمان لەگەڵ نەهات • ئاسنگەر ، ساقۆی خۆی لەبەر کردەوەو بەسەر تەرمەکەی دادا ، هامێزی تێوەرهیناو هەڵی گرتو بەرەو شار کەوتە ڕێ ، خەڵکەکە هەموو بەکشومانی کەوتنە دوایەوە ، تا ئەو وەختە کەس نەیدەزانی ئەم مەیتە کێیە ؟

— ٥ —

لەناو بەفرەکەدا هەموو شتێکم دی ، دونیا تەختو هێلکەیی بوو ، ریچکەی باریکی سەگەکان ، خەڵکەکە کە لە چاو گوم دەبوون ، شانی ڕووتو سپی ، گوێم لە پسەپسی خەڵکەکە بوو خەریکی دوانو سەرنج دانو ڕەخنەگرتن بوون • تەرمەکەیان هەڵگرتو بردیانە لای مردووشۆرەکە• ئاسنگەرو سەرۆك شارەوانیو ڕاوکەرەکە و هەندێکی تر چوونە ژوورەوەو دەرگایان داخست • ئەگەر باوکم لەوێ بوایە ڕەنگە لێ گەڕابان بچێتە ژوورەوە بەلام ئێمە نە • منو برام چووین ڕۆژنامەکەمان دابەش کردو کە گەڕاینەوە ماڵێ برام باسەکەی گێڕایەوە• بەدڵم نەبوو بەلام من دەنگم نەکرد • زوو چوومە ناو جێگاو نووستم • ڕۆژی پاشی لەناو خەڵك باس هەر باسی ئەم ئافرەتە بوو • بە بنجو بناوانیدا دەچوونەوەو لە هۆو ئەنجامی یان دەکۆڵیەوە • پاش چەند ڕۆژێکی تریش باس هەر باسی پیرەژنەکە بوو لە شار بەلام من بە نیوەچڵیم بیست •

••• مێردەکەیو کوڕی یان لە شوێنێك لەگەڵ پیرەژنێك گرتو

هێنایانە شارو ویستیان مردنی ئافرەتەکە لە ملی ئەوان ڕابکەن بەڵام سەری نەگرت چونکە بەڵگەی تەواویان پێبوو کە لە کاتی مردنی ئافرەتەکە ئەوان لە شوێنێکیتر بووین ؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی شار هەموو دژیان بوونو تفو نەعلەتیان لێدەکردن . شاریان بەجێهێشت . چوونە کوێ ؟ نازانم . نەمبیست چوونەتە کوێ . تەنیا وێنەکەی ناو دارستانم لەیادە : پیاوەکان وەك چێورمە تەندوورەیان کرد بوو ، تەرمی پیرەژنیش ڕووی لە بەفر چەقی بوو . جێ پێخوستی سەگەکان لەسەر بەفر دیار بوو . زستان سارد بوو ، سایەقە بوو . هەندێ پەلە هەوری سپی لە کەلێنی دارەکان دیار بوون بەدەم باوە خێرا بە عاسماندا تێدەپەڕین . بێئەوەی هەستی پێبکەم دیمەنی ناو دارستانەکە بوو بە کەرەستەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە کە ئێستا وا دەیگێڕمەوە . ڕاستی ، چیرۆکەکە زۆر بە خاوو نیوەچڵی بە خەڵك گەیشت بۆیە ماوەیەکی زۆر بوو خەڵك هەر باسیان دەکرد .

زۆر شتیتر قەوما .. ئیە ، ڕۆژگار وەك با هاتو چوو ، گەڵێ سەرو سەربردەیتر پەریا بوو . کە منیش بووم بە گەنج چووم لە کێڵگەی گێرمان ئیشم دەکرد . کچە کارەکەرەکە لە خودان ماڵی خۆی دەترساو ژنەکەیشی ڕقی لێدەبووەوە . زۆر شتم لەوێ بینی . منیش جارێ شتێکی وام بەسەر هات ، کارەساتێکی ترسناکم لەگەڵ ڕەوەسەگێك لێقەوما ، مانگەشەو بوو زستان بوو . لە دارستانی ئیلینۆیز بوو .

ڕۆژێکی هاوین ، کە هێشتا قوتابی بووم لەگەڵ هاوڕێکانم چووینە پیاسە . دەم جۆگەو جۆگە ڕۆیشتین ، جۆگەکە چەند کیلۆمەترێك لەشار دوور بوو . چووینە جێهەواری پیرەژنەکە . پاش مەرگی پیرەژن خانوەکە چۆل بوو . دەرگای لە ڕێسمە چوو بوو هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو، پەنجەرەکان شکا بوون. لەسەرڕێ دانیشتین پشوویەك

بدەین تەنیا دوو سەگی جوتیارەکانی ئەو دەوروبەرەمان دی لەو ناوە دەگەڕانو لە دەوری کەلاوەکە چەرخەیان دەدا • بە کەلەش گەورە بوون بەلام ئەوەندە لەڕ بوون وەك تالی دەزوویان لێهاتبوو • کە لە کەلاوەکە جودابوونەوە هاتن لە ناوەندی ڕێگا بەرامبەرمان ڕاوەستان ، زۆر بە تووڕەیی لێمان مووڕ بوونەوە •

هەموو شتێ ، مردنی پیرەژنەکەو دێنەکان بۆ من بوونە مۆسیقایەكو تا گەورەتر دەبووم زیاتر لە گوێم دەزرنگایەوە ، لە دوورەوە سازی هەلدەستا ، هەستو هۆشی لێسەندبووم • ئەو ئافرەتەی کە بەم شێوەیە مرد گوایە بۆ ئەوە دەژیا خواردن بە ئاژەلان بدا •• پێش لە دایكبوونی ، مندالی ، کە عازەب بووو لە مالی ( گێرمان )ی وەرزێر کاری دەکرد ، پاش شووکردنی ، بە پیری ، کە مردیش ••• هەر خواردنی دەدا ئاژەلان ، ئالیکی دەدا گا جووتو بەرازو ئەسپان ، دانی دەدا مریشکان ، نانی دەدا سەگان ، خواردنی دەدا مرۆیان • کچەکەی بە مندالی مرد ، بەینی لەگەل کوڕەکەی باش نەبوو • ئەو شەوەی کە مرد دەیەویست زوو بگەڕێتەوە چونکە خواردنی بۆ هێنا بوون • لە پارچە زەوییەکەی ناو دارستانەکە مرد ، دوای مردنیشی هەر خواردنی دەرخواردی ئاژەلان دا • ئێستا بۆت دەرکەوت چۆن دلۆڤانێك بووە• ئەو شەوی برام چیرۆکەکەی بۆ دایکمو خوشکم گێڕایەوە نەیتوانی بە ڕاستیو بە تەواوی چیرۆکەکەیان بۆ باس بکا چونکە ئەویش وەکو من تازەلاو بوو • ئەگەر شت بە تەواوی باس بکرێ تامی دەبێ • نامەوێ زۆر درێژدادڕی بکەم تەنیا ئەوەندە دەلێم بۆچی لەوساوە لێم بۆتە مەرەق کە ئەم چیرۆکە بە تەواوی بگێڕمەوە ؟ ئەم ڕاوێژەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئێوە بزانن من بۆچی وام لێهات • چیرۆکەکە ئاسانە دەمەوێ دوبارە بۆتانی بگێڕمەوە •

× × ×

# هەندێ پەندێ ئینگلیزی

گۆڕینی : ڕەشید عەبدوللا مستەفا

١ ـ هەبیاتی وەکی نەیاریێ گەلەکا دکوژیت .
٢ ـ ژ سێبەرا خۆ دترسیت .
٣ ـ چ پسیارا نەکە تو چ درەوا ناکەی .
٤ ـ سەیێت گەلەك بڕەون ژێ بەترسە .
٥ ـ چ گۆتنا ژ دەڤێ دوژمنی باوەڕ نەکە .
٦ ـ چویچکەك ددەستیدا چێترە ژ دوا لسەر دارێ .
٧ ـ یێ ماری پێ ڤەدای ، ژ وەریسی دترسیت .
٨ ـ شەماڵك خۆ دڕێکا خەلکیدا دسوژیت .
٩ ـ هەڤالێ خو بە خەلك ژی دی هەڤالێ تە بیت .
١٠ـ نە هەما زەرە زێڕە .
١١ـ هەڤالینا پیسا نەکە ، دا ژمارا وا پتر نەکەی .
١٢ـ خو باشی بنیاسە .
١٣ـ بژیو بهێلە خەلك ژی بژیت .
١٤ـ سەیەکێ ساغ ، نە شێرەکێ مری .
١٥ـ ئەڤینو کوخك نائین ڤەشارتن .
١٦ـ کارێ ئەڤرۆ نەهێلە بۆ سبەهی .
١٧ـ دارەکا مەزن ڤەگوهێزی دێ چرمسیتو مریت .
١٨ـ گەر ڕاهێلیە دوو هەسپا دێ هەر دوا بەرزەکەی .
١٩ـ گۆتن تشتەکەو کرن تشتەکە .
٢٠ـ هەچێ یا بڤێت بێژیت ، دێ یا نەڤێت گو لێبیت .
٢١ـ نەهێلە ئەزمانێ تە حەفکا تە ببڕیت .
٢٢ـ یا هەردوو چاڤ دبینن ، چاڤەك بتنێ نابینیت .
٢٣ـ ماسیەکا بچویك بستەکەدا ئێکا مەزن بگری .

٢٤- ژیان کورته ، هونەر درێژە •

٢٥- ژدایك بوون گەلەكە ، لێ بخودان کرن پترە •

٢٦- شەمالکا ز هەردو سەرا بەر نەدێ •

٢٧- بخو دا بژی ، نەژی دا بخۆی •

٢٨- درەو دبی کورتن •

٢٩- شێری بکوژە هێشتا تێژك •

٣٠- ئەڤین کوورەیە •

٣١- بلا دەڤێ تە بێ گرتی بیتو چاڤێت تە دڤەکری بن •

٣٢- سەرێ کەچەل حەز شەی ناکەت •

٣٣- دارێ ( ) ست دئاڤێدا خار دبیت •

٣٤- هەر تشتەك باشە دیماهیا وی باش بیت •

٣٥- دیوارا ژی کوهێت هەین •

٣٦- گەر رویڤی کەت کێرێ بهسی •

٣٧- ژەهر ژەهرە گەر دترارێ زێری بیت •

٣٨- هەلۆ بتنی دفرن •

٣٩- مێش لکێرێ هنگڤینی چێکەت ، تەڤیرك لوێرێ ژەهرێ چێ دکەت •

٤٠- هێکا سپی ژ مریشکا رەشە •

٤١- هێکا ئەڤرۆ ، نە مریشکا سبەهی •

٤٢- یێ هێکێ بدزێت دێ گای ژی دزیت •

٤٣- هەکە دارە ژ بەری دیارە •

٤٤- کەر هەر کەرە کەر بارێ وی زێڕ ژی بیت •

٤٥- دێ مالا خۆ سوژیت دا دەستێت خۆ گەرم کەت •

٤٦- گەر کورە دەستێ کورەی بگریت دێ هەردو کەڤنە کۆرێ •

٤٧- پشتی عەورێ تاری دنیا ساهی دبیت •

٤٨- یا دگەل بای هاتی دێ لەگەل ئاڤی چیت •

٤٩- چ کادیا بێ ئاگر نینە •

نرخی ( ٥٠٠ ) فلسه

چاپخانەی ..الحوادث..

بەغدا – ١٩٨٢